



بەدیع باباجان لەماڵەکەی لەشاری بەغداد

بەختیار سەعید



# بەدیع باباجان

## ١٩٢٣ - ١٩٩٦

وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیریی و هونەر/ سلێمانی
بەڕێوەبەرێتی هونەریی شێوەکاریی سلێمانی

ناوی کتێب: بەدیع باباجان

بابەت: شێوەکاری

ئامادەکردنی: بەختیار سەعید

دیزاین: بازیان جەلال

تیراژ:

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٦٩٣)ی ساڵی (٢٠١٠) پێدراوە


مافی لەچاپدانی بۆ بەڕێوەبەرێتی هونەریی شێوەکاری پارێزراوە

www.kcaic.com

پێشکەش بە ڕۆحی هونەرمەندی کۆچکردوو
بەدیع باباجان

سوپاسی تایبەتیم بۆ بەرێزان

- بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری لە سلێمانی کە ئەرکی چاپکردنی کوراسەکەیان لە ئەستۆگرتووە.
- د. مارف خەزنەدار کە بە کۆمەڵێک سەرچاوەو ئەو وێنانەی کە هونەرمەند بەدیع باباجان کێشاونی هاوکاری کردووم.
- مامۆستا عومەر بەرزنجی ژمارەیەک لەو کتێب و ڕۆژنامەو سەرچاوانەی بۆ بەدەستهێناوم کە ئەستەم بووە دەستکەوتنی.
- مامۆستا ڕەفیق ساڵەح بەدەستهێنانی هەموو ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژو نزار و چەندین زانیاری تر هاوکاری کردووم.
- مامۆستا ئەحمەد حسین هاوکاری کردووم بە چەندین کتێب کە بەرگەکانیان لەلایەن هونەرمەند بەدیع باباجان–ەوە کێشراون.
- دانا فایەق ڕەسوڵ بەڕێوەبەری ئەرشیفی نەتەوەیی لە سلێمانی هەموو ئەو ئەرشیفەی خستە بەردەستم کە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە خێزانەکەی بەدیع باباجان–ی کڕیبۆوە.
- بەڕێزانی بەشی گۆڤارو ڕۆژنامەکان لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی بەتایبەت خاتوو (چرۆ عومەر حەمە).



بەدیع باباجان لە نوسینگەی **خط العربي** لە شاری بەغداد ساڵی ١٩٨٩

## پێشەکی

دروستکردنی کوراسەی تایبەت بە شێوەکارانی کورد یەکێک بووە لەو خەونانەی کە چەند ساڵێکە ئاواتم بووەو هەوڵی جدی من بووە، کە هاوزەمان لەگەڵ پرۆژەی کتێبی (دنیا بینییەکانی هونەری شێوەکاری کوردی) کە زیاتر لە ١٠ ساڵە کاری بۆ دەکەم و بیرۆکەی پرۆژەکە نووسینەوەو دۆکۆمێنتکردنی مێژووی هونەری شێوەکاری کوردی بووە لەسەر ئاستی کوردستان کە تائێستا سێ بەشی ئەو کتێبە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

دواتر بیرۆکە کە بەو شێوەیە خەملا کە بۆچی شێوەکارانی کورد بە هاوشێوەی شێوەکارانی دنیا کوراسەی تایبەتیان نەبێت، ئەوە بووە هۆکاری ئەوەی من کارم بۆ ئەم پرۆژەیە کرد لەچەند لایەکی جیاوازەوەو دواتر کەوتمە بیری ئەوەی کێ یەکەمین شێوەکاری ئەو پرۆژەیە بێت، دواتر لەسەر هونەرمەندی کۆچکردوو بەدیع باباجان گیرسامەوە بەپێی ئەوەی ئەم هونەرمەندە یەکەمین شێوەکاری کوردە کە بەشێوەیەکی ئەکادیمی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی خوێندووە، لەهەمانکاتدا ئەو هونەرمەندە شایانی ئەوەیە کە ببێتە یەکەمین شێوەکاری ئەو پرۆژەیە چونکە لە ڕێگای ئەو هێڵکارییانەی کە کێشاوێتی بۆ شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد وەکو (نالی، سالم، مەولەوی، مەحوی، سالمی سنە، ئەحمەدی خانی، مەجدی، ئەدەب، مەلای جەباری، کوردی، حەریق، سەی یاقۆ، حاجی قادری کۆیی) توانی بەهێزترین پەیوەندی نێوان هونەری شێوەکاری و ئەدەبی کوردی دروست بکات و ئەو کارانەی ببنە مێژوویەکی گرنگ و بەرچاو بۆ هەموو لایەک.

بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە کۆچکردووە زیاتر لە چەند جارێک چوومەتە شاری هەولێر، یەکجار بۆ شاری دهۆک، یەک جار بۆ شاری کەرکوک، هەروەها بەدرێژیی شەش مانگ لەناو شاری سلێمانیدا بە بەردەوامی کارم بۆ ئەم پرۆژەیە کردووە، هەروەها بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکان سەیری گۆڤارەکانی (گەلاوێژ، نزار، ڕامان، بەیان، ڕۆشنبیری، ڕۆژی کوردستان، مێرگ، ڕەنگین) و هەروەها

ڕۆژنامەکانی (هاوکاری، عیراق، کوردستانی نوێ، ئاسۆ) گەڕاوم تاکو زۆرترین زانیاری لەسەر ئەم هونەرمەندە کۆبکەمەوە.

هیوادارم هەوڵەکەم لەئاستی بەرزی هونەرمەندی کۆچکردوو بەدیع باباجان بێت کە دەبێتە یەکەمین کوڕاسەی کوردی لەمێژووی باشوری کوردستاندا کە کوڕاسەکی تایبەت بۆ شێوەکارێکی کورد کرابێت.

کاتێک مێژووی گەلان دەخوێنینەوە و چۆنێتی گرنگیدانیان بە هونەر و هونەرمەندانیان سەرسام دەبین کە چۆن لە هەوڵی جدیدان و هەوڵدەدەن بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی یەکێک لە کارەکانی هونەرمەندەکانیان کە دواتر وەکو سامانێکی نەتەوەیی سەیری دەکرێت، کاتێک دەبیسترێت ئەوە هێلکارییەکی داڤینشی، یاخود ڤان کوخ، یاخود هەر هونەرمەندێکی تر دۆزراوەتەوە ئەوا بودجەیەکی بێشوماری بۆ دابین دەکەن و هەوڵ دەدەن کە لەنێوەندی باشترین مۆزەدا جێگایەکی شیاوی بۆ بدۆزنەوە، یاخود دەزگایەکی تایبەت درووست دەکەن تاکو بتوانن هەموو ئەو کارانە کۆبکەنەوە  کە هونەرمەندی ئەو وڵات و نەتەوەیە نەخشاندویێتی کۆی بکەنەوەو دواتر لە دووتوێی  کتێبێک، یاخود کوڕاسەیەکی تایبەت چاپ و بڵاوبکرێتەوە، هەموو ئەوانە بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە هونەرمەندانی ئەوروپی بوونەتە خاوەنی ناوبانگی و ڕێزێکی تایبەت، نەک بەتەنها لەلای نەتەوەکەی خۆیان، بەڵکو لەسەرتاسەری جیهاندا، تەنانەت گەر بچینە هەر پەیمانگەیەکی  هونەرەجوانەکان، یاخود کۆلیژی هونەر لە زانکۆکانی هەرێمدا هێندەی  خوێندکاران زانیاریان لەسەر هونەرمەندە ئەوروپییەکان هەیە، نیو هێندە زانیاریان لەسەر هونەرمەندانی شارەکەیان و هەرێمەکەی خۆیان نییە، بەڵام ئەو گرنگیدانە لەلای ئێمەی کورد بایەخێکی ئەوتۆی نەبووەو نەبۆتە جێگەی گرنگیدانی ڕێکخراوەکانی هونەرمەندان و تەنانەت وەزارەتی ڕۆشنبیریش وەکو پێویست، بەداخەوە بۆیەناڵێم مۆزە، چونکە تائێستا ئێمە خاوەنی مۆزەیەک نین کە ئەو کارە لە بەرنامەی خۆیدا ڕیزبەندی کردبێت.

ئەوەی کە هەرگیز ناکرێت نکۆڵی بکرێت لەناوداری هونەرمەندان ئەو ساتانەیە کە داهێنان دەبێتە زمانی دەربڕین و مێژووش ئەو داهێنان و کەسایەتییە بەشانازییەوە ناو دەهێنێت، دیارە ئەو چەند وشەیەی سەرەوە ڕاستەوخۆ بەسەر هونەرمەندێکی وەکو (بەدیع باباجان) دەسەپێت و وەک بروسکە ئاسا ئەو هێڵانە دێنەوە بەرچاومان کە کەسێتی شاعیرە کلاسیکییەکانی کوردی لێ پێکهاتووە کە بۆتە بەشێکی گرنگ و پانتاییەکی فراوان لە ئەندێشەی کەسێتی کوردی داگیرکردووە، واتا ئەو هێڵکارییانەی کە لە کتێبی (مێژووی

ئەدەبی کوردی)ی مامۆستا عەلائەدین سەجادی بڵاوکراوەتەوە و هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ ناساندنی ئەو شاعیرە کلاسیکییانەی کورد، ئەویش لەڕێگای ئەندێشە و داهێنانەکانی هونەرمەندێکی بەسەلیقەی وەکو (بەدیع باباجان)ەوە ئاشنابین بە شاعیرە کلاسیکییەکانی گەلی کورد.

من کوراسەم بەسەر (٦) بواردا دابەشکردووە کە پێکهاتوون لە (بەدیع باباجان کێیە؟، هونەری لای بەدیع باباجان، شیعر لەلای بەدیع باباجان، خۆشنووسی لەلای بەدیع باباجان، کاری بازرگانی لەلای بەیع باباجان، هەروەها درووستکردنی پاشکۆیەک بۆ ئەو نووسەرانەی کە لەسەر هونەرمەندیان نووسیووە).

بەختیار سەعید

٢٠١٠



## بەدیع باباجان کێیە؟

بەدیع باباجان لە ساڵی ١٩٢٣ لە گەڕەکی (اخ حسین)ی شاری کەرکوك لەدایکبووە و هونەرمەند دەربارەی ژیانی خۆی دەڵێت (ساڵی ١٩٢٣ لە شاری کەرکوك لەدایکبووم هەر لە منداڵیمەوە حەزم لە وێنە و مۆسیقا دەکرد، خوێندنی سەرەتایم لە ماڵی ئامۆزاکانم لە شاری سلێمانی تەواوکردووە و دواتر لە شاری کەرکوك قۆناغی ناوەندیم تەواو کردووە، هەمیشە بە لەتە گوێزان مۆسیقام لێ دەدا و دەست و پەنجەی خۆمم بریندار دەکرد، هەرچەندە برا گەورەکەم لێی دەدام و دەیوت خەریکی وانەکانت بە، بەڵام من وازم لێ نەهێنا، هەرچۆن بوو لەو دوو بوارەدا بەردەوام بووم تا گەیشتمە پۆلی چوارەمی دواناوەندی، لەبەرئەوەی حەزم لە خوێندنی هونەر بوو ساڵی ١٩٤٥ چوومە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا، حەزم لە بەشی مۆسیقای ڕۆژئاوایی دەکرد قبوڵیان نەکردم وتیان دەبێت نۆتە بزانیت، ناچار چوومە بەشی وێنە و لە ساڵی ١٩٥٠دا تەواوم کرد و لە ڕیزی یەکەمەکان بووم)[1].

مامۆستا (جەمیل ڕۆژبەیانی) دەربارەی (بەدیع باباجان) لە گۆڤاری ڕەنگین-دا نووسوێتی (قوبادی و باباجانی (باوەجانی) دوو عێلی بە ناوبانگی کوردن، بەوەوە شانازی دەکەن کە ڕۆڵەی بەزاخیان، ڕووی تیرەکانیانی سپی کردووە، بۆ وێنە: هەستیاری مەزنی هونەروەری گەوهەر و مرواری هونەرە لە ڕشتەی داستانی شەیدایی جەنگاوەری و بابەتی تردا بەشێوەی گۆرانی، شاعیری هەمیشە جاوید و نەمر «خانای قوبادی» ناوی عێلەکەی خۆی بەرز کردۆتەوە بۆ کەشکەلانی فەلەك، بنەماڵەی باباجان-یش نازناوی عێلی باوەجانی-یان گەیاندۆتە یونیەی هونەر و وێنەگەری و پزیشکی و شیعر و خۆشنووسیی.. دکتۆر حوسەینی باباجانی پزیشکی نەشتەرکار و شاعیر و نووسەر و زانای زۆر زمانی بیانی وەکو فەرەنسی و ئەڵمانی و تورکی و فارسی بوو، لە شاری کەرکوك لە گەڕەکی ئاخی حوسەین، کە بە هەڵە ناوەکە گۆڕاوە بە ئاخور حوسەین- خانوویەکی تەلار ئاسای هەبوو، پێوانەی حەوشەکەی پتر لە دوو هەزار مەتر بوو، باخێکی تەژی لە پرتەقاڵ و نارنج و سێو و هەرمێ و ترێ و دارخورمای تیابوو، ئەکەوتە پشتی بازاڕەکەی ئاخی حوسەین بەلای خۆرئاوادا بەرامبەر بە مزگەوتی نائب.

لە دیدارێکیدا کە د.موحسین ئەحمەد عومەر کە لە ١٩٩١/٥/١٥ لەکاتی کۆڕەوی گەلی کورد بۆ سەر سنوور هونەرمەند بەدیع باباجان دەبینێت خۆی بەو شێوە لە دیدارەکەدا ناساندووە کە لە ژمارە (٩١)ی گۆڤاری ڕامان-ی ساڵی ٢٠٠٥دا بڵاوکراوەتەوە دەڵێت (من ناوم بەدیع حوسێن باباجان)ە، کوڕەزای میرزا بەدیع دکتۆری دوایەمین دەورەی بابان.

"حوسەین باباجان» لە کەرکوك لە دایکبوو بوو، بە منداڵی لە کەرکوك خوێندبووی، پاشان چووببووە کالیجی سپایی و لە ئەستەمبوڵ پزیشکی خوێندبوو، نەشتەرکارێکی لێزان و کارامە بوو، پاش چەندین ساڵ خزمەت گەڕابووەوە نیشتمانەکەی خۆی، لەو ماڵە گەورەیەدا کە دروستیکردبوو چەند ژوورێکی تەرخانکردبوو بۆ بینینی نەخۆش (عیادە) و بۆ هاتن و چوونی خەڵك، دیوەخانێکی گەورەشی هەبوو هاودەمان و دۆستان و برادەران کە زۆرجار کۆڕی ئەدەبی تیا دەبەسترا هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانی هاوڕێ و هاودەم بوو حوسەین ئەفەندی ژن دۆستبوو چەند ژنێکی هەبوو، دکتۆر حوسەین باباجان بە سێ زمان شیعری باشی هەبوو من دیوانەکەیم هەبوو لە کتێبخانەکەمان سووتا، دکتۆر حوسەین لە یەکێ لە ژنەکانی کوڕێکی هەبوو لە کۆلێژی پزیشکی خوێندبووی سەرئەنجام شێتبوو بوو لە یەکێ لە ژوورەکانی ناو حەوشەکەدا بە زنجیر بەسترابووەوە

ئێمە کە لاو بووین ئەچووین لە پەنجەرەکەوە قسەمان لەگەڵ دەکرد، نموونەی زیرەکی بوو، باسی فەلسەفەی کوردایەتی دەکرد، لە ژنێکی تریشی سێ کوڕی هەبوو ئەبوبەکر و بەدیع و (...) ناوی ئەوی ترم لە بیرچووە لە ژنەکانی تری کچی زۆر بوو، ئەمانە پاش مردنی هێشتا منداڵ بوون ژنەکانی حەوش و ماڵەکەیان بەشکرد بە چەند خانوو، بەدیع باباجانی هونەرمەند کوڕی ئەم دکتۆرە کەڵەشاعیرە بوو.

دەربارەی نازناوی باباجان هونەرمەند دەڵێت: «باباجان هەردووکیان ناوی باوکمە، ناوێکی بە ئیصتیلاحی باپیرمە، کە خۆی ناوی مەجابریە، ئەوە ڕووداوێکی لەدوا هەیە، سەرەتا وەختی خۆی کە دێتە سلێمانی، تەماشا دەکات لەهەموو لایەکەوە ئاڵای ڕەش هەڵکراوە، لێرە حاکمی بابان کوڕێکی بووە عەمری خوای کردووە ئیتر ئەویش بە سیفەتی ئەوەی دکتۆرە، دەپرسێ چی بووە دەڵێن هیچی نەبووە کەمێ سەری ژانی کردووە، سەری خستۆتە سەر کۆشی باوکی و تەواو بووە، ئەویش دەڵێت: ئەو ئاوەی کە پێتان



ئەو خانووەی کە بەدیع باباجان لەشاری کەرکوک لە ساڵی ١٩٢٣ تیایدا لەدایک بووە

شتووه ببینم، گوایه زەمانی کۆن بەو ئاوەی مردوویان شتووە زانیویانە ئەوە ئاوی مردووە، یان زیندوو کە بردوویانە وتوێتی ئەوە ئاوی مردوو نییە، دەمەوێت ببینم، تەماشا دەکات لەهەموو لایەکەوە لە کۆشك هەڵپەرکێ و شایيە و دەهۆڵ لێدانە و ڕەشبەڵەکە، دەڵێن یەکێ هاتووە نیازمەندە ببینێ، هەرچی دکتۆر ئەوەی لە توانایاندا بووە سەرفیان کردووە نەیانتوانیووە زیندووی بکەنەوە بەسەری ڕووتی دەگری، باوکی پیر بووە».

بەدیع باباجان لە پەیمانگەدا مامۆستا و هاوڕێکانی پێکهاتبوون لە (فایەق حەسەن، جەواد سەلیم) وانەیان وتۆتەوە، (خالید ئەلرحال، ئیسماعیل ئەلشیخلی، شاکر حەسەن ئال سەعید، حەمید ئەلحل، عەبدولحەمید ئەلگەیلانی) هاوڕێی بووە، ساڵی ١٩٥٠ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواوکردووە و دواتر لە بەڕێوەبەرایەتی (مدیریە مساحە العامە)ی شاری بەغدا وەك فەرمانبەرێکی هونەری کاردەکات، دیارە هۆکاری دامەزراندنی لەو بەڕێوەبەرایەتییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هونەرمەند لە یەکەمەکانی بەشەکەی خۆی بووە و دەستڕەنگین بوو لە هێڵکاریدا لەو بەڕێوەبەرایەتییە دامەزرێنرا، لەهەمانکاتدا لە ساڵی ١٩٧٣وە وەك مامۆستای بەشی خۆشنووسی و زەخرەفە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا وانەی بۆ ماوەی چوار ساڵ وتۆتەوە کە هۆکارەکەی بۆ بەسەلیقەیی هونەرمەند دەگەڕێتەوە.




## هونەر لای بەدیع باباجان

بەدیع باباجان بۆ بژێوی ژیان و ئەنجامدانی کاری هونەریی لە نووسینگەیەکی خۆشنووسی لە شەقامی ڕەشید لەشاری بەغداد کاری نەخشەسازی دەکرد لەگەڵ خۆشنووسێکی تردا بەناوی (مەهدی جبوری) و نووسینگەکەیان بەناوی (الخط العربي) بووە.

لەو بڕوایەدام سەرەتای ناوبانگی بەدیع باباجان لەو کارانەوە دەستیپێکرد کە لە ساڵانی (١٩٣٩-١٩٤٩) لە گۆڤاری گەلاوێژ ئەنجامیداوە، هەروەها لە گۆڤاری (نزار) لە ساڵانی (١٩٤٨-١٩٤٩)دا بۆتە یەکەمین پێپلیکەی سەرکەوتن و هەر ئەوەش دەبێتە هۆکار کە مامۆستا (عەلائەدین سەجادی) داوای کێشانی هێڵکاریی شاعیرە کلاسیکییەکانی لێ بکات، چونکە ئەو کارانەی ناو گۆڤاری گەلاوێژی بینیبوو، هەروەها دەکرێت جۆری کارەکانی ئەم هونەرمەندە لەدوو جۆردا ڕیزیەندی بکەین کە یەکەمیان ئەو کارە هونەریانە بووە کە بێ بەرامبەر ئەنجامی داون، جۆری دووەم ئەو کارە بازرگانیانە بووە کە بۆ کاری بازرگانی بۆ دەزگا و کۆمپانیا و خەڵکانی تر کە ئەمەیان بۆ بژێوی بووە ئەنجامی داون.

لەسەرەتای ساڵانی پەنجاکاندا لەلایەن مامۆستا (عەلائەدین سەجادی)ەوە بانگهێشتکراوە تاکو هێڵکاری بۆ شاعیرە هاوچەرخەکانی کورد بکێشێت و ئەو هێڵکاریانەش هەموومان پێی ئاشنابووین کە لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی چاپی یەکەم و دووەمداو لە ساڵەکانی ١٩٥١-١٩٧١ چاپ و بڵاوکراوەتەوە کە پێکهاتووە لە

هێڵکاری شاعیران (مەلای جەزیری، بێسارانی، ئەحمەدی خانی، نالی، سالم، مەولەوی، مەلای جەباری، سەی یاقۆ، کوردی، حاجی قادری کۆیی، مەحوی، سالمی سنە، مەجدی، حەریق، بابە تاهیر، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ئەدەب)، بەڵام هونەرمەند لەدوای چەند دانیشتنێکی تایبەت لەگەڵ مامۆستا سەجادی دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە مامۆستا سەجادی پێناسەیەکی کەسایەتییەکانی بۆ بنووسێت و ئەمیش لەسەر ئەو پێناسانە هێڵکاری شاعیرەکان بکێشێت تاکو لەهەموو ڕوویەکەوە نزیك بێت لەو ساڵانەوە کە شاعیرەکان تیایدا ژیاون، لەچاپی یەکەمی مێژووی ئەدەبی  کوردی لە ساڵی ١٩٥١دا تەنها ئەو کارانەی لە خۆگرتووە کە (بەدیع باباجان) لە ساڵی ١٩٥٠ کێشاونی پێکهاتوون لە (مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی، نالی،مەولەوی، حاجی قادری کۆیی، سەی یاقۆ) و ژیاننامەی شاعیران (بابا تاهیری هەمەدانی،بێسارانی، سالم، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، سالمی سنە، مەجدی، حەریق، مەحوی، کوردی، مەلای جەباری، ئەدەب) بەبێ وێنە دانراون و دواتر لە چاپی دووەمی کتێبەکە لە ساڵی ١٩٧١دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ ژیاننامەکانیاندا وێنەی تایبەتی ئەو شاعیرانە کە لەلایەن (بەدیع باباجان)ەوە کێشراون و دانراوون.، هەروەها مامۆستا سەجادی پێناسەی شاعیرەکانی بەمشێوەیەی لای خوارەوە بۆ بەدیع باباجانی هونەرمەند کردووە.




گۆڤاری نزار ١٩٤٨-١٩٤٩

١- بابەتاهیر ٩٣٥-١٠١٠- تەمەن ٧٥ساڵ پیاوێکی دەروێش، سەروڕیش درێژ، قژدرێژی ڕیش سپی ڕیش درێژ، سەر و ڕوومەتی....


٢- بێسارانی ١٦٤١-١٧٠٢ تەمەن ٦١ ساڵ بووە، پیاوێکی ڕووخۆش و مەلای کوردەواری بووە، زۆر.... چاووبرۆی گەورە بووە، ڕوومەتی پان بووە، ڕیشی سپی و قەڵەمی کردووە، لە ناوچەی هەورامان بووە، کەوا و سەڵتەی لەبەرکردووە، سەبیلی کێشاوە، مێزەرەکەی خڕبووە.

٣- سالم ١٨٠٠- ١٨٦٦ تەمەن ٦٦ ساڵ، پیاوێکی لاواز بووە، باڵابەرز بووە، ڕوومەتی پان، سمێڵی ئەستوور، لووتی درێژ، ڕیشی تاشیووە، مشکی و جامانەی بەشێوەی سلێمانی لەسەر بەستووە، (خەڵکی سلێمانی بووە) چاوی گەورە بووە، لە ئاخری ژیانیا زۆر خەمبار بووە.

٤- مەلای جەباری ١٨٠٦-١٨٧٦ تەمەن ٧٠ ساڵان، خەڵکی وڵاتی کەرکوك، پیاوێکی باڵابەرز، باریکەلە، سەری زل بووە، دەموچاوی درێژکار و چاووبرۆی ڕەش بووە، پاشان برۆی سپی بووە، چاوی زل بووە، برژانگ کورت بووە، ڕیش تەنك و قەڵەمی کردووە، سمێڵ و چەناگەی درێژ بووە، کەوا و سەڵتەی لەبەرکردووە لەگەڵ عەبا و جامەدانی بەشێوەی وڵاتی کەرکوك لەسەر پۆشیووە.




گۆڤاری گەلاوێژ ١٩٣٩-١٩٤٩



دەستوخەتی مامۆستا (عەلائەدین سوجادی) کە پێناسەی شاعیرانی بۆ (بەدیع باباجان) کردووە لە ساڵی ١٩٥٠

٥- تایەربەگی کوردی ١٨٠٩-١٨٤٩ تەمەن ٤٠ ساڵ، خەڵکی سلێمانییە، پیاوێکی باڵابەرز و کەڵەگەت، سوور و سپی، مووڕەش و چاوگەورە و ڕوومەتی پان و پڕ، سمێڵی نە زۆر ئەستوور نە زۆر باریك بووە، ڕیشی تاشیوە، ناوچەوان پان بووە، کەوا و سەڵتەی کوردی وڵاتی سلێمانی پۆشیووە.

٦- مەحوی ١٨٣٠- ١٩٠٤ تەمەن ٧٤ ساڵ، پیاوێکی بەدیمەن بووە، سوور و سپی بووە، چاو گەورە و برژانگ زۆر درێژ نەبووە، قەڵەو بووە، مێزەری کوردانەی لەسەر ناوە، کەوا و سەڵتە و جبەی لەبەرکردووە، لووتی بەرانی بووە، ڕیشەسپییەکەی قەڵەم نەکردووە، بە ئەندازەی دوو پەنجە دەیهێشتەوە، سەر گۆناکانی بەرز بووە و باڵابەرز بووە.

٧- سالمی سنە ١٨٤٥- ١٩٠٩ تەمەن ٦٤ ساڵ، خەڵکی سنە بووە، پیاوێکی (متوسط العام) بووە، ڕیشەکەی سپی دانە دانە ڕەشی تێدا مابوو، مێزەری سپی لەسەر ناوە، کەوا و سەڵتە و عەبای هەبووە، مێزەرەکەی خڕ بووە، ڕوومەتی پان و چاوڕەش بووە.

٨- حەریق ١٨٥١- ١٩٠٧- تەمەن ٥٦ ساڵان خەڵکی سابڵاغ بووە، باڵابەرز بووە، چاوکز و چاوی بچووك بووە، ڕوومەتی مەیلەو درێژ بووە، ڕیشی تۆپزو بەشی زیاتر سپی بووە، مێزەرێکی سپی سابێغیانەی لەسەرئەنا، ڕیشی هەبووە، گۆناکانی قوپابوون، برۆی باریك و سمێڵی ئەستوور بووە.

٩- ئەدەب ١٨٥٩- ١٩١٤ تەمەن ٥٥ ساڵ، خەڵکی موکریان بووە، پیاوێکی باڵابەرز بووە، چاوی ڕەش و ناوچەوانی پان، برۆکانی پڕ و جیابوون، لووتی باریك و بەرز بووە، لەشی زۆر ئەستوور بووە، ڕیشی ئەتاشی، سمێڵی بەلای باریکیدا دەیڕوانی، ملی تۆزێك بەرز بووە، مشکی ئەبەست بەسەریەوە، کەوا و سەڵتەی لەبەردابووە.

گەر بەراوردێکی سەرنجڕاکێشەرانە لەنێو پێناسەی شاعیرەکان و هێڵکارییە نەخشێنراوەکانی هونەرمەند بەدیع باباجان بکەن، ئەو دەمە هەست بەئاستی بەسەلیقەیی ئەو هونەرمەندە دەکەین کە هێڵکارییەکی نەخشاندووە بۆتە پێناسە بۆ ئەو شاعیرە کلاسیکیانە لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە، لەهەمانکاتدا دەتوانین بڵێین سەرکەوتووترین ئەزموونی ئاوێتەکردنی هونەر بووە بە ئەدەب، بەدیع باباجان زیاتر تابلۆکانی (مەلای جەزیری، مەولەوی، بابە تایەر، فاتمە) کە وێنەی کچێکی منداڵە زیاتر ئەو وێنەیەی بە دڵە،

چونکە ئەو کچە ئێستا ئەو گەورە بووە، ویسترا بە زۆر بدرێت بە پیرەمێردێك لە کاتێکدا دڵخوازی خۆی هەبوو، لەبەرئەوە ئاگری لەخۆی بەردا و جوانەمەرگ بوو[٢].

هونەرمەندی کۆچکردوو (محەمەد عارف) دەربارەی هونەرمەند (بەدیع باباجان) لەژێر ناوی (یەکگرتنەوەی هونەر و ڕەوشت و خودی بەرز بە بۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەندی بەرزی کورد بەدیع باباجان) نووسیوێتی (لەساڵی ١٩٧٣دا، بەشی ئێوارانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا، مەڵبەندێکی بەرز و ڕاستەقینەی ستافێکی پسپۆڕی باشترین مامۆستایانی هونەر بوون، هەروەها قوتابیەکانیش بە عیشقی هونەر نەوەك بۆ وەرگرتنی بڕوانامە دەیانخوێند، ئەو کاتە من و خوالێخۆش بوو مامۆستای هونەر بووین لە پەیمانگە و وەك دوو مامۆستای کورد لە کاتی یەکگرتنەوەمان زۆر دڵمان بەوە خۆش بوو کە بە زمانی شیرینی کوردی خۆمان قسەمان دەکرد، لەگەڵ ئیشە گرافیکی و پۆرترێتە نایابانەی کە بۆ کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا عەلائەدین سەجادی دروستکرد بوو، ئەم زنجیرە پۆرترێتانەی بەدیع شایستەی ئەوەن کە لێکۆڵینەوەی هونەریی تایبەتی لەسەر بکرێن و وەك گرافیکی کوردی پایەیەکی هونەری تایبەتی داگیرکردووە)[٣].

ئەوەی کە جێی سەرنجە هونەرمەندان و تەنانەت ئەدیبانیش وا دەزانن هونەرمەند (بەدیع باباجان) تەنها خاوەنی ئەو هێڵکاریانەیە کە لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا هەیە، بەڵام گەر سەیرێکی کتێبی (من ینابیع الشعر الکلاسیکی الکردی)ی نووسەر (ڕەشید فەندی) کە یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی (مجمع العلمی الکردستانی) کە لە ساڵی ٢٠٠٤ چاپ و بڵاوکراوەتەوەو هێڵکاری شاعیران (عەلی حەریری، فەقێ تەیران، مەلا ئەحمەدی جەزیری، خالید زێباری، ئەحمەدی خانی، مەنسور گرگاشی، مەلا حسێن باتەیی، پرتو هەکاری، بەکر بەگ ئەرزی، شێخ نورەدین بریفکانی، تەها مائی، حسنی بامەڕنی)ی لە بەشی یەکەمدا لەخۆگرتووە و لە پەیوەندییەکی تایبەت بەنووسەرەوە ئاشکرایکرد کە بەشی دووەم هیچ هێڵکارییەکی هونەرمەند (بەدیع باباجان)ی تێدا نییە و هێشتا چاپ نەکراوە و ئەو هێڵکاریانەی لە کتێبی (هوزا نڤانێت کورد)ەوە وەرگرتووە کە (سادق بەهادین ئامێدی) نووسیوێتی و یەکێکە لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد- ساڵی ١٩٨٠ و تایبەت بووە بە شاعیرانی بادینان.

هونەرمەند بەدیع باباجان یەکێك بووە لەو هونەرمەندانەی کە زۆر بەسەلیقە بووە لە کارەکانیدا تا ئەو ئاستەی بانگهێشتکراوە بۆ نەخشەسازی دراوی عیراقی، لەو بارەیەوە هونەرمەند (بەدیع باباجان) دەربارەی چۆنێتی بانگهێشتکردنی بۆ نەخشەسازکردنی

دراوی عیراقی دەڵێت ( لە ساڵی ١٩٦٧دا ڕاسپێردرام لەلایەن بانقی سەرەکی عیراقییەوە کە وێنەی دراوە مەعدەنییەکان بکێشم، منیش بەپێی ڕاسپاردەکەی خۆیان بۆم کێشان، بەڵام نووسینەکەی هی من نییە).

لە هەمانکاتدا یەکێك بووە لەو هونەرمەندە عیراقیانەی کە نێردراون بۆ خولی نەخشەسازی لە دەرەوەی عیراق و بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی عیراقیدا لەساڵی ١٩٦٤ چوونەتە سویسرا و ئەو خولەیان بینیوە، بەڵام تەنها لە خولەکە هونەرمەند (بەدیع باباجان) سەرکەوتوو بووە، لە هەمانکاتدا هونەرمەند خاوەنی چەندین کاری داهێنەرانەیە بۆ بەرگی کتێبی نووسەرە ناودارەکانی وەکو (یادگار و هیوا)ی مامۆستا (برایم ئەحمەد) هێڵکارییەکانی گۆڤاری (گەلاوێژ) بەرگی گۆڤاری (نزار) و دیوانی (شێخ سەلام) و کتێبی (اغانی کردستان)ی (د.مارف خەزنەدار) و کتێبی (بۆ کوردستان)ی هەژاری شاعیر و نەخشەی هەرێمەکانی عیراق و نەخشاندنی چەندان پولی عیراقی و.. هتد.

نیگارکێشان یاخود تابلۆکێشان یەکێکی تر بووە لەو کارانەی کە هونەرمەند چەندین تابلۆی کێشاوە و سەرسامیش بووە بەکاری چەند شێوەکارێك، هونەرمەند دەڵێت (کاتی خۆی تابلۆی زۆرم دەکرد کە دۆست و برادەر دەهاتن دەیانبینی پێش تەواوبوونی دەهاتن دەیانبینی پێش تەواوبوونی داوایان دەکرد و منیش لەڕوودا دادەمام و دەمدانێ و ئێستا لەماڵەوە تابلۆم نییە، بابەتەکانی هەمەجۆر بوو ڕەنگدانەوەی دەوروپشتی خۆم بوون.

دەربارەی کاری شێوەکاران بەدیع باباجان دەڵێت: (دیوی کلاسیکی لە تایبەتکاری تەکنیکی کارەکانی هونەرمەند محەمەد عارف بە ناوەرۆك و بابەتەوە پەسەند دەکەم، هەروەها ئازاد شەوقی قابلیەتی هونەری بەرزە)، هەروەها شێوەکارە جیهانییەکان و ئەو هونەرمەندانەی لا پەسەندە کە بەچاوێکی ڕاستی پەروەر و دڵێکی پڕ هەستەوە ڕێگەیەکی هونەریی گرتبێت لەسەرەتای کلاسیکەوە تا ئەوپەڕی سریالی، لەوانە پیکاسۆ، ماتانیا، ڕیپین و گەلێ هونەرمەندی تر[٤].

مامۆستا (محەمەدی مەلا کەریم) لە گۆڤاری ڕەنگین-دا لەژێر ناوی (هەناسەیەکی سارد- ئاهێکی گەرمدا) نووسیوێتی (سیستمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵە پاشکەوتووەکەت دەرفەتی ئەوەندەی بۆ ئەڕەخساندبووی ئۆتۆمبێلێکی سادە و بچکۆلەت پێ بێ بچیتە سەر کارەکەت و بگەڕێیتەوە ماڵەکەت).

بەڵکو ئەوەندەیشی بۆ نەڕەخساندبووی پاش پتر لە پەنجا ساڵ خزمەت خانوویەکت

هەبێ بە دڵێکی بێ خەمەوە شەوی تیا ڕۆژ بکەیتەوە.. وەك خۆت بۆت گێڕاومەتەوە، پارچە زەویەکت وەرگرتبوو، ئەتویست بیکەیت بە خانوو.. بناغەیشت بۆ دانا، بەڵام بۆت تەواونەکرا و ناچار فرۆشتت و لەم ساڵە گرانییانەی گەمارۆی بە نارەوا بەسەر گەلەکەمان سەپێنراودا هەندێ کون و کەلەبەری ژیانت بە پارەکەی گرت، خەیاڵ گێڕایمەوە بۆ نزیکەی ساڵ و نیوێك لەمەوپێش کە دەبوو تیماری چاوت بکەیت کە ئاوی داهاتبوو ترسی ئەوەت هاتبووەڕێ لە نیعمەتی بیناییش بێ بەش ببی، نە خۆت پارەی نەشتەرکاریت هەبوو نە خەستەخانەکانی میریش پێویستییەکانی نەشتەرکاری بە خۆراییان تیا مابوو. ناچار بە یارمەتی هەندێ خزم و کەسوکار چوویتە هەولێر و لەوێ پزیشکێکی خێرۆمەندی بیانی نەشتەرکارییەکەی بۆ کردی و نەیهێشت لەم دوا دواییەی عومردا کلۆڵ و کەلەلا بکەوی، چەند بە ئاواتەوەم بە هەموو ئەوانەی ئەتناسن و قەدری ئەدەب و هونەرت ئەزانن کارێك بکەن زوو بە زوو پاشماوەی بەرهەمە هونەرییەکانت کۆبکەنەوە و ڕێکیبخەن و پێوەندی لەگەڵ گشت ئەوانە بکەن کە شاکارێکی تۆیان لایە هەمووی بخەنە یەك و لە یەکەمین دەرفەتی لواودا هەمووی لە دووتوێی بەرگی کتێبێکی ڕازاوەدا پێشکەشی وەچەی ڕۆشنبیری ئەدەب و هونەری کوردی بکەن).

هونەرمەند لە دیدارێکیدا کە لە ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٨٨ی گۆڤاری (ڕەنگین)دا سازکراوە دەربارەی چۆنێتی کێشانی نیگاری شاعیران دەڵێت (لە چلەکاندا لە شاری بەغدا بووم مامۆستای خوالێخۆش بوو عەلائەدین سەجادی ڕایسپاردم کە وێنەی ئەو شاعیرانەی ناویان هەیە و باسکراون لە کتێبەکەیدا بۆ بکێشم، منیش داوام لێکرد بەپێی توانا کەسایەتی چۆنێتی ڕووخسار و جلوبەرگیان و شێوەیانم بۆ ڕوون بکاتەوە لە دواییدا بەو پێیە وێنەیانم کێشا و سوپاس بۆ خوا توانیم جۆرە سەرکەوتنێك بەدەست بهێنم و جێی ڕەزامەندی گشت لایەك بێت).



کڵێشەی دراوە ئاسنینەکانی عێراق کەلە ساڵی ١٩٦٧دا کێشاوێتی



(عەلی حەریر)ی شاعیر
لە کتێبی (هۆزانڤانێت کورد)ی سادق بەهادین
چاپی یەکەم ١٩٨٠



(مەلا حسێن بەتایی)ی شاعیر
لە کتێبی (هۆزانڤانێت کورد)ی سادق بەهادین
چاپی یەکەم ١٩٨٠



(بەکر بەگ ئەزەری)ی شاعیر
لە کتێبی (هۆزانڤانێت کورد)ی سادق بەهادین
چاپی یەکەم ١٩٨٠



(فەقێ تەیران)ی شاعیر
لە کتێبی (هۆزانڤانێت کورد)ی سادق بەهادین
چاپی یەکەم ١٩٨٠



(حوسنی بامەڕنی)ی شاعیر
لە کتێبی (هۆزانڤانێت کورد)ی سادق بەهادین
چاپی یەکەم ١٩٨٠



(خالید زێباری)ی شاعیر
لە کتێبی (هۆزانڤانێت کورد)ی سادق بەهادین
چاپی یەکەم ١٩٨٠



(شێخ نورەدین بریفکانی)ی شاعیر
لە کتێبی (هۆزانڤانێت کورد)ی سادق بەهادین
چاپی یەکەم ١٩٨٠



(عەبدولصەمەت بابەک)ی شاعیر
لە کتێبی (هۆزانڤانێت کورد)ی سادق بەهادین
چاپی یەکەم ١٩٨٠



(پرتو هەکاری)ی شاعیر
لە کتێبی (هۆزانڤانێت کورد)ی سادق بەهادین
چاپی یەکەم ١٩٨٠



(مەلا مەنصوری گێرگاشی)ی شاعیر
لە کتێبی (هۆزانڤانێت کورد)ی سادق بەهادین
چاپی یەکەم ١٩٨٠



(مەلا ئەحمەدی جزیری)ی شاعیر
لە کتێبی (هۆزانڤانێت کورد)ی سادق بەهادین
چاپی یەکەم ١٩٨٠



(شێخ تەهای ماشی)ی شاعیر
لە کتێبی (هۆزانڤانێت کورد)ی سادق بەهادین
چاپی یەکەم ١٩٨٠



(ئەدەب ۱۸٥۹-۱۹۱۲)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ۱۹۷۱



(بێسارانی ١٦٤١-١٧٠٢)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١



(مەلا جەبار ١٨٠٦–١٨٧٦)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١




(بابە تاهیری هەمەدانی ٩٣٥–١٠١٠ ز)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١



(مەجدی ١٨٤٩–١٩٢٥)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١




(حەریق ١٨٥١–١٩٠٧)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١



(مەحوی ۱۸۳۰– ۱۹۰٤)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ۱۹۷۱



(ئەحمەدی خانی ١٦٥٠–١٧٠٦)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١



(کوردی ١٨٠٩–١٨٤٩)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١



(نالی ١٧٩٧–١٨٥٥)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١



(سالم ۱۸۰۰–۱۸٦٦)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ۱۹۷۱



(مەلای جزیری ١٤٠٧-١٤٨١)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١



(مەولەوی ١٨٠٦–١٨٨٢)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١



(شێخ ڕەزای تاڵەبانی ١٨٣٥–١٩٠٩)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١



(سەید یاقۆ ١٨٠٨–١٨٨١)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١



خانای قوبادی
لە کتێبی (شیرین و خەسرەو) ساڵی ١٩٧٥



(سالمی سنە ١٨٤٥-١٩٠٩)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١



(حاجی قادری کۆیی ١٨١٥-١٨٩٢)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١



(راجی) شاعیر



(شەرەفخانی بەدلیسی) مێژوو نووسی بەناوبانگی کورد
بۆ کتێبی (شەرەفنامەی) هەژار – کێشراوە، ساڵی ١٩٧٥



(زێوەر)ی شاعیر ١٩٩٦ کێشراوە
دیوانی زێوەر، چاپی ٢٠١٠



شێخ لەتیف شێخ رەزا



ئیبراهیم خانی دەلۆ
لە کتێبی شۆڕشەکانی ئیبراهیم خانی دەلۆ




تابلۆیەکی هونەرمەند لە بەرگی ژمارە (٤)ی گۆڤاری بەیان
ساڵی ١٩٧٠ بڵاوکراوەتەوە




له کتێبی (أغانی کردستان) ساڵی ١٩٧٢
مارف خەزنەدار




دروشمی یەکێتی نوسەرانی کورد ١٩٧٠



بەدیع باباجان ساڵی ١٩٧٥

## شیعر لە دنیای بەدیع باباجان-دا

یەکێکی تر لەو بەسەلیقییەی هونەرمەند لە بواری شیعردا بووە کە بۆ زۆر لەو کارانەی کە پێی سەرسام بووە شیعرێکی بۆ هۆنیوەتەوە لەوانە خۆشنووسی کورد (خەلیل زەهاوی) یەکێك بووە لەو هاورێیانەی کە لەنزیکەوە پێکەوە بوون، هەر لەو دیدەوە کتێبی (تشکیلات الخط العربی) وەك دیاری دەبەخشێتە هونەرمەند (بەدیع باباجان) و ئەمیش لەدوای سەرسامبوونی بە کتێبەکە بە پارچە شیعرێك ئەو هەستەی دەربڕیوە.

دیدەکەم شادم بە (تشکیلاتی خطی عارەبی)ت
پێشبینی ی گفت ئەدا خۆشنووسی ئەم ڕۆژگارە بیت
ئەی خەلیلی من- زەهاوی- خامەکەی ڕەهوانی تۆ
گۆ لە (سامی)ش وەرگرێ و ترکیب ی نەك بێچارە بیت
گورەیی اعجازتە نەقشەی خطی هەر صفحەیەك
دەستی خورشیدیت هەیە و چۆن کوکبی سەیارە بیت
بۆ بە شهر أشوب ی ئەهلی خط فسونی خامەکەت
ئەو بەنەقشی برق فشان، تۆش بابلی ی ئەم کارە بیت
خطی أیاتە وەگەر أیاتی خط سەرمەشق ئەدەیت
فیض ی ڕۆحانی ی هونەرتە گواهی بەم میقدارە بیت
زەردە خندت بێ وەرامی توانجی هەندێ کەچ- حروف
وەك نەسیمی ڕەهنما و هام سەعیدی ئەو عەیارە بێت
صبری ایوبت هەبێ هەم عزم و هەم ایمانی ئەو
تاجی شاهانەی خط ت کردۆتە سەر بەم بارە بیت
گەر لە خزمەتتا بیان ی لەنگ بۆ گفتاری (بەدیع)
مەستی نوری فەنتە و هەر دەست و ئەم انوارە بیت

هەروەها بەدیع باباجان لە تەخمیسکردنی شیعری شاعیرانی تردا زۆر سەرکەوتوانە کاری کردووە لەو کارانە تەخمیسکردنی غەزەلێکی (حافیزی شیرازی)ە کە لە ساڵی ١٩٩١دا نووسیوێتی کە بەمشێوەیەی لای خوارەوەیە.

**بەیتی یەکەم و دووەم بە کوردی**

ئەی کە فیردەوس بەئەندام و بە سیمای تۆ خوش
ئەی شەوی دەیجور و یەڵدای بە روئیای تۆ خوش
ئەی هەر اعضاي پەیزادی دڵ بە أری تۆ خوش
ای همه شکل تو مطیوع و همه جای تۆ خوش
دڵم از عشوه شیرین شکرخای تو خوش

* * *

دیدەکەت نەرگسی مەستانە خەواڵووی خەفیف
کە لە ئاستی گوڵی گۆناکەت ئەکا شەرمی ڤەریف
لەبێ ئاڵ و گەردن و سینەیە مافێکی عەفیف
همچو گلبرك گری هست و جود تو لگیف
همچو سرو چمن خلد سرایای تو خوش

* * *

**بەیتی سێیەم و چوارەم- عەرەبی**

تهمت مفتونا بسحر الحسن في الوجة الصبيح
حائر الطرف حيال الخد و الثغر الصريح
لمحة من ناعسيك بلسم قلبي الجريح
شيوةو ناز تو شيرين، خط و خال تو مليح
ضشم و ابروي تو زيبا، قدو بالآي تو خوش

* * *

في ديار او قفار شرت او عرض البحار
او ذري الشم اري وجهك او سحق القرار
زين احلامي بك لكن لياليها قصار
هم طلستان خيالم ز تو ثر نقش و نطار
هم مشام دلم از زلف سمنساي تو خوش
بةيتي ثيَنجةم و شةشةم– توركي

أه عشقيله يانان اول كرم١عاشق زار
أصليسيله كول اولوب گيتدى نەجاو نەمزار
نيجه مجنونلرى، ليلالرى سيلديردى يازار
در ڕه عشق ز سيلاب فنا نيست گزار
كرده ام خاطر خودرا بتمناى تو خوش
* * *
درد هجر مشكله گيچير سەم هر شب بيزاريى
سوزو نالانم أشارسه كائينات باريتى
يا نغيينم سونمز اگر ايچسه مده نيل جاريى
شكر چشم تو چەگويم كه بدان بيماريى
ميكند درد مرا از ڕخ زيباى تو خوش
* * *

١-كرم واصلى: داستانێكى توركيى ئاسياى ناوەندە كە چۆتە شێوەى ئەفسانەوە، كە باسى دوو خۆشەويست دەكات كە بەيەك نەگەيشتوون، بە ئاهى عيشق ئاگريان تێبەربوون و بوونە خۆڵەمێش و بەيەك نەگەيشتن.

**بەيتى حەوتەم – فارسى**

بخت خواب ألودەام هردم زسيرو سفريست
گاه ڕوياهاى زيباو گهى درد سريست
نيست طلجبوني (بديعى) كه اينزمان جلوەگريست
دربيان طلب گرچه زهر سو خطريست
ميروو حافڤ بيدل بتولاى تو خوش

لە كۆتايى ساڵانى هەشتاكاندا ئەم چوارينەيە لە گۆڤارى ڕەنگین ژمارە (٨)دا بڵاوكرايەوە كە بە زمانەكانى كوردى و عەرەبى و توركى و فارسى نووسراوە، بەڵام پێش ئەوەى گۆڤارەكە بكەوێتە بازاڕەوە لەلايەن ڕەقابەوە ئەو لاپەڕەيەى كە شيعرەكەى تێدا چاپكراوە لەلاپەڕە دەدڕێنرێت و گۆڤارەكە بەبێ شيعرەكە دێتە ناو بازاڕەوە.

## تەخمیسی غەزەلێکی (حافظ شیرازی) 1

بدیع باباجان
۱۹۹۱

### بەیتی یەکەم و دووەم - کوردی

ئەی کە فیردەوس بە ئەندام و بە سیمای تۆ خۆش
ئەی شەوی دەیجور و یەلدای بە روئیای تۆ خۆش
ئەی هەر اعضای بە ریزادی دڵ آرای تۆ خۆش
ای همه شکل تو مطبوع و همه جای تو خوش
دلم از عشوهٔ شیرین شکرخای تو خوش

× × ×

دیدەکەت نەرگسی مەستانە خەوالووی خەفیف
کە لە ئاستی گوڵی گۆناکەت ئەکا شەرمی ظەریف
لەبی ئاڵ و گەردن و سینەیە مانێکی عەفیف
همچو گلبرگ طری هست وجود تو لطیف
همچو سرو چمن خلد سراپای تو خوش

× × ×

### بەیتی سێیەم و چوارەم - عەرەبی

تِهتُ مفتوناً بسحرِ الحُسنِ في الوجه الصبيح
حائرَ الطرفِ حيالَ الخدِّ و الثغر الصريح
لمحةً من ناعِسيكِ بلسمُ قلبي الجريح
شیوه و نازِ تو شیرین، خط و خال تو ملیح
چشم و ابروی تو زیبا، قد و بالای تو خوش

× × ×

٢

مَیْ دیارٍ او قفارٍ مشرّت او عرض البحار
او ذُریٰ الشمّ اریٰ وجهكُ او سُحق القرار
زين احلامی بِكِ للّن لياليَّ قصار
هم گلستان خيالم ز تو پر نقش و نگار
هم مشامِ دلم از زلف سمنسای توخوش

× × ×

<u>بەیتی پێنجەم و شەشەم - تورکی</u>

آهِ عشقيله يانان اول كرم[1] عاشق زار
اَصليسيله كول اولوب گيتدی نه جا و نه مزار
نيجه مجنونلری ، ليلالری سيلديردی يازار
در رهِ عشق ز سيلابِ فنا نيست گذار
كرده ام خاطر خودرا بتمنای تو خوش

× × ×

درد هجركله گيجير سەم هر شب بيزاريي
سوز و نالانم آشارسه كائنات باريني
يانغينم سونمز اگر ايچسه مده نيلِ جاريني
شكرِ چشم تو چه گويم كه بدان بيماريي
ميكند دردِ مرا از رخِ زيبای تو خوش

× × ×

---

(١) كرم و اصلی : داستانێكی توركیی ئاسیای ناوەندە كە چۆتە شێوەی ئەفسانەوە ، كە باسی دوو خۆشەویست ئەكا بەیەكەوە نەگەیشتن ، بە ئاگری عیشق ئاگریان تێبەر بوو و بوونە بە خۆڵەمێش و بەیەك نەگەیشتن.

لەهەمانکاتدا بەدیع باباجان لە شیعری ڕۆمانسیشدا خاوەنی چەندین شیعرە کە دەکرێت شیعری (بۆ ئیلهام) بە نموونە بخوێنینەوەو ئاستی توانی شیعری ئەم هونەرمەندە ئاشنابیین.

**بۆ.. الهام..**

پێشکەشە بە برای خۆشەویستم کاك جەلیل عەبدولقادر

وەکو بێ بەش نەبووم هەرگیز بەهرە و فیکر و الهامم
نەبوو جارێ خەوێکم بێتەدی و چەجای احلامم
بەسەرچوو ڕۆژگارانی تەمەن بە چەشنە تا دوێنێ
کە لوطفی ماچی ناگاهێ گەیشتە کامی ناکامم
نەسیمی نەوبەهاری بو وەکو بشنێتە ڕوی پایز
بەمەش بادی مخالف گەر بڵێن با واشبێ ئەنجامم
بەشێوەی (لف) دەبێژم گوڵ بە دەم گوڵدا گوڵی دامێ
هونەر پیشە و گوڵیش وابێ دەڵێ چی خامەیی ڕامم
بە حەق ئەو ئەرمەغانەی تۆ بە انفاسی مەسیحایی
غەریقێ بوم گیانی خستەوە بەر هەست و ئەندامم
ئەمەش خەو و یا هاتەدی احلامی بدیع ئەمڕۆ
وەکو فیلمی زەمانی پێشو ماچێ بو بە فەرجامم

هاوینی ساڵی ١٩٩٩

## خۆشنووسی لەلای بەدیع باباجان

هەروەکو چۆن وێنەکێشان یەکێك بوو لە ئارەزوو خولیاکانی ئەم هونەرمەندە، لە هەمانکاتدا خۆشنووسی پانتاییەکی گەورە و فراوانی لە ژیانیدا داگیرکردووە، جگە لەوەی کە بەشێك بووە بۆ دابینکردنی بژێوی، بەڵام بەشێکی گرنگیشی ئەوە بووە کە نووسینەوەی چەندین کتێبی دانسقە بووە لەوانە نووسینەوەی قورئانی پیرۆز کە جگە لە نووسینەوەی قورئان چەندین زەخرەفەی تایبەتی بۆ لاپەڕەکانی ئەم نووسینانە کێشاوە کە ئێستاش لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەدا وەك کارێکی دانسقەی هونەریی دەبینرێت، نووسینەوە و نەخشەسازی تەفسیری حسین واعظ لە ٥٤٥ لاپەڕەی ئەندازە A4دا کۆکردۆتەوە، بەڵام نازانم کە ئایا بە ژمارەیەکی زۆر چاپکراوە یاخود تەنها ئەو دانەیە بووە کە من بینیوومە، هەروەها نووسینەوە و نەخشەسازی بەشێوەی زەخرەفە لە دوو توێی ٢٤٢ لاپەڕەی ئەندازە A4دا، هەروەها نووسینەوەی کتێبێك کە ناونیشانەکەی پێوە نەماوە بە ئەندازەی A4 کە ژمارەی لاپەڕەکانی ٢٦٥ لاپەڕە، دەستنووسی دووەم بە ئەندازەی A4 کە ژمارەی لاپەڕەکانی ٢٥٠ لاپەڕەیە، هەربۆیە گەر بەچاوێکی هونەریانەوە بڕوانینە هەر یەکێك لەو دەستنووسانە هەست بەوە دەکەین کە ئەم هونەرمەندە چەندە بەسەلیقە کاری کردووە و چەندە وردەکاری لەو دەستنووسانەدا ئەنجام داوە.

ناکرێت ئەوەمان لەبیر بچێتەوە بەدیع باباجان ئەندامێکی کارای کۆمەڵەی خۆشنووسانی عێراق بووە و بەشێکی زۆری پێداویستیەکانی ئەو ڕێکخراوە بۆ چالاکییەکانی لەلایەن (بەدیع باباجان)ەوە ئەنجامدراوە، هەروەها دروستکەری چەندین پۆرترێتی کەسایەتی تری غەیرە کورد بووە لەوانە ژنە شۆڕشگێری جەزائیری (جەمیلە بوحیرد)، هەروەها پۆرترێتی (عەبدولکەریم قاسم)ی سەرۆکی پێشووی عێراق.

## دیباچه

باران رحمت بیحسابش همه جا رسیده وخوان نعمت
بیدریغش همه جا کشیده پرده ناموس بندگان بگناه
فاحش ندرد و وظیفه روزی بخطای منکر نبرد **قطعه**

| | |
|---|---|
| ای کریمی که از خزانه غیب | گبر و ترسا وظیفه خور داری |
| دوستان را کجا کنی محروم | تو که با دشمنان نظر داری |

فراش باد صبا را گفته تا فرش زمردین بگسترد و دایه
ابر بهاررا فرموده تا بنات نبات را در مهد زمین
بپروراند و درختان را بخلعت نوروزی قبای سبز ورق
در بر گرفته و اطفال شاخ را بقدوم موسم ربیع کلاه
شکوفه بر سر نهاده عصاره نحلی بقدرت او شهد
فائق شده و تخم خرمائی بتربیت او نخل باسق گشته **قطعه**

| | |
|---|---|
| ابر و باد و مه و خورشید و فلک در کارند | تا تو نانی بکف آری و بغفلت نخوری |
| همه از بهر تو سرگشته و فرمانبردار | شرط انصاف نباشد که تو فرمان نبری |

و سر را هیچ از این نیست و همه وقت خوش است و انیست صفت آزادگان

**قطعه**

برین میگذرد دل که دجله بسی
پس از خلیفه بخواهد گذشت در بغداد
گرت ز دست برآید چو نخل باش کریم
ورت ز دست نیاید چو سرو باش آزاد

**حکمت** دو کس مردند و تحسر بردند یکی آنکه داشت و نخورد دیگر آنکه دانست و نکرد

**قطعه**

کس نبیند بخیل فاضل را
که نه در عیب گفتنش کوشد
ور کریمی دو صد گنه دارد
کرمش عیبها فرو پوشد

# تمام شد کتاب گلستان والله المستعان

باب هشتم

واین کتاب مشتمل بر مسائل علم ریاضی و

هو الله الغنی المستعان

جغرافیا
و تاریخ است و همه
سلسله سلاطین ذوی الاقتدار
که اکنون بر اریکه سلطنت تمکین دارند
تا زمان تحریر کتاب ضبط و ثبت شده است
و طول و عرض همه بلدان و جزایر که درین کتاب
مذکور است در جدول علیحده در آخر کتاب بعرض
ارباب دانش و اصحاب بینش رسیده است و مبداء
طول از گرینویچ است و مبداء عرض از خط استوا است
و مبداء طول را هر طایفه از جائی فرض کنند ولی در مبداء
عرض هیچ اختلاف نیست و متقدمین و متاخرین
درین باب اتفاق دارند و چندین مسائل
متفرقه دیگر نیز در ضمن بعضی ابواب و در خاتمه
کتاب ذکر شده است و اسامی
قدیمه ممالک نیز
در

و من الله الاعانة و علیه التکلان

جدولی علیحده
دیگر آورده ایم
سنه ۱۲۷۳

ومقرّح و منوم و مقوّی و جاذب و محلل و مخرج جنین است و طریق ساختن و امتحان و استعمال و قدر شربتش بجهة داروی مذکور بشود صفت آن قرص اصل

قرص افعی قرص اندروخوروون فلفل سیاه افیون از هر یک بیست و چهار مثقال دارچینی ورد احمر تخم شلغم سقوردیون اصل سوسن آسمانگونی غاریقون

رب السوس دهن بلسان از هر یک دوازده مثقال زعفران زنجبیل راوند نبطافلن فودنج فراسیون اسطوخودوس قسط فلفل ابیض دارفلفل مصطکی

کندر نفاح اذخر فطراسالیون صمغ البطم ... سیاه حب الغار سنبل الطیب جعده از هر یک شش مثقال بزر کرفس سیالیوس حرف ناکاه کمادریوس کافیطوس

عصاره هیوقسطیداس سنبل رومی ساذج هندی حنیطانا رازیانج ... خروتم فلقدیس محرق حاما وج حب بلسان هوفاریقون صمغ عربی قردمانا

امیسون متوتواقاقیا سکبینج از هر یک چهار مثقال دوقو ... فقر الیهود حاو شیر قنطوریون دقیق زراوند طویل جندبیدستر از هر یک دو مثقال

و اوزان نه دوای دیگر که در نسخه اندروماخس ثانی است بموجبی است که مذکور شد و عدد اجزا به غیر اقراص منعقد میشود اما طریق ساختن آن است که

هرچه چوب و بیخ و برگ و شکوفه و تخم و قرص باشد علیحده به نهجی بسایند که غبار او بیرون نرود و از هر و غیره بسیار باریکی مثل غبار بیرون کنند و بعد از آن

هر یک را بوزن درآورند و هر چه صموغ و ربوب و عصارات است بکوب کرده سه شبانه روز در شراب جمهوری یا مثلث یا عسل بخیسانند تا خوب

حل شود و هر چه مایع است مثل عسل و شراب و روغن بلسان باید در وقت ساختن همه را بر روی آتش نرم بعد از قوام عسل مخلوط کنند و هر چه از

عصارات تازه باشد و محتاج به خیسانیدن نباشد در روز ترکیب داخل کنند و باید هر یک از ادویه تازه و از مکان مخصوص باشد و وزن ادویه

عسل بقوام آورده کف گرفته را با دو وزن مثلث یا شراب جمهوری یا مطبوخ عتیق ریحانی اضافه نموده مخلوط کنند و اول ادویه یابسه را در

آفتاب در عسل بزنند بعد از آن محلول را که به معجون سازی کار را بروغن بلسان چرب کنند و هر روز بر روی خاکستر گرم گذاشته تا دویست بار بهم

زده نگهدارند و روی او را به پارچه نازکی بپوشانند تا چهل روز و بعضی گویند که بعد از هر چهار روز باید بر هم زد تا دو ماه پس در ظرف طلا

نقره یا چینی یا قلعی کنند بقدری که محل تنفس بخار باشد و بعد از هر یکماه سرپوش را بردارند و نگذارند تا تریاق او شود و روز دیگر با ... محکم بسته

اما امتحان او چنان است که به شخصی دوای مسهل مثل محموده داده در حین عمل آن از تریاق بقدر باقلائی بدهند اگر در حال منع عمل مسهل

نماید خوب است و بدستور حیوان یابس المزاج را از تریاق بدهند و بعد از آن افعی او را بگزد زهر او را اثر نکند و بدستور خروس را یا حیوان دیگر را

دوای قتال داده بعد از آن تریاق بدهند آن حیوان نمیرد و بدستور او را به خون منجمد نماید و بدستور هر گاه در دهن مار افعی کنند آن را بکشد

اما طریق استعمال و قدر شربتش تا سی سال او را در مداوای سموم از یک نخود تا یک مثقال باید داد و از سی سال تا شصت سال از یک مثقال تا

دو مثقال باید استعمال نمود بحسب قوت و ضعف سموم و ما دامی که از سی سال نگذشته باشد در امراض نباید استعمال نمود و اگر کنند بقدر اقل شربت

جایز است جهة جذام و برص و اختلاط عقل و فالج و لقوه و تشنج و اختلاط ذهن و صرع و رفع ... بحد تنقیه یا ماء الاصول بقدر فندقه تا نیم مثقال

و تا چهل روز هر روز با آب سعوط نمایند و طلا کنند و جهة اختناق رحم و اخراج جنین مرده یک باقلا با مطبوخ سداب و مسکطرامشیع ...

و حلاب و جهة گزندگی افعی از یک مثقال تا دو مثقال با شراب یا مطبوخ و جهة دوای سمی مثل افیون و فرفیون و ذراریح از نیم مثقال تا یک مثقال

با کبیکج و قیء سرکه و جهة گزیدن سگ دیوانه و امثال او یک مثقال و زیاده از آن با خاکستر سرطان نهری و جهة عقرب بقدر حمص با شراب ...

و جهة زنبور نیم مثقال با سرکه و خاذ تیر با سرکه کنند و جهة سرفه و درد سینه و ... با عسل و جهة نفخ معده و ... تا دو دانگ با آب زیره

و جهة جوع کلبی بقدر فندقه با شراب ممزوج با آب و جهة لرزیدن و تبهای بارده دو دانگ تا نیم مثقال با آب گرم و جهة مثانه با قوری ...

ارزق و جهة قولنج با طبیخ رازیانه و کرفس و روغن خروع و جهة ... و عناب ... بقدر فندقه و جهة استسقا و امراض جگر با ادویه



مەهدی جبوری، بەدیع باباجان
لە نووسینگەی **خط العربي** لە شەقامی ڕەشید شاری بەغداد

## کاری بازرگانی لەلای بەدیع باباجان

کارە بازرگانییەکانی ئەم هونەرمەندە هێندە جیاوازییەکی گەورەی نییە لەگەڵ کارە هونەرییەکانیدا، چونکە بەدیع باباجان بەهەمان ئیحساسەوە کاری بۆ کارە بازرگانییەکانی ئەنجامداوە، ئەو دەمە هەست دەکەین کە چەندە هەست بە سەلیقەیی دەکەین کە هونەرمەند لەو کارانەی ئەنجامیداوە، کە بەشێکی زۆری کارەکانی سەرەتا لەسەر ترێس ئەنجامداوەو لەدوای کێشانی چەند دانەیەك ئەو کاتە دوایەمین دانەی لێ بەرهەمهێناوە، چ وەك وێنەو لە خۆشنووسیش بە هەمان شێوە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، هەر ئەوەش بۆتە هۆکار کە بەشێکی زۆری ئەو ڕیکلامانەی ناو شاری بەغدا بەدەستووپەنجە ڕەنگینەکانی ئەم هونەرمەندە بنەخشێنرێت، تەنانەت دروستکردنەوەی کەسایەتییە کارتۆنییەکانی ناو فیلمە کارتۆنییەکان کە لە بازاڕەکاندا بە منداڵان لەلاین کۆمپانیاکانەوە دەفرۆشرانەوە، هەروەها دەبێتە هۆکار کە وەزارەتی دارایی عیراق بە نامەی تایبەت نامەیەك ئاڕاستەی هونەرمەند (بەدیع باباجان) دەکات تاکو هاوکارییان بکات لە دروستکردنی بیتاقەی فرۆشتن کە هاوڵاتیان بیکڕن و بڕە پارەیەکیان بۆ دەربچێت.



الجمهورية العراقية

وزارة المالية

لجنة يانصيب الرافدين

الرقم: ١٠٨٤١

التاريخ: ١٩٨٦/٥/٢٦

الي: دار الخط العربي– السيد بديع حسين باباجان

شارع الرشيد– خان كبة

م/ تصميم بطاقات يانصيب الرافدين

ترغب لجنة يانصيب الرافدين بتصميم نموذج جديد لبطاقات يانصيب الرافدين للاصداريات الاسبوعية و الشهرية و الفصلية و بمساحة

**له كۆتاییدا دەڵێت**

ننتهز الفرصة للاعراب عن خالص شكرنا لكم مع التقدير

وزير المالية

رئيس لجنة يانصيب الرافدين
باقر حسن

الجمهورية العراقية

بسم الله الرحمن الرحيم

برجى الاشارة الى الرقم كاملا

وزارة المالية

لجنة يانصيب الرافدين

ختم الواردة

تلكس / مالية / عراق / ٢٣٤١
تلكس / مالية / عراق / ٢٤٥٩
ص . ب ( ١٤٠٩١ )

الرقم ١٠٨٤١

التاريخ ٢٦/٥/١٩٨٦

الى : دار الخط العربي ـ السيد بديع حسين باباجان

شارع الرشيد ـ خان كبه

م / تصميم بطاقات يانصيب الرافدين

---

ترغب لجنة يانصيب الرافدين بتصميم نموذج جديد لبطاقات ... ين لاصداريات الاسبوعية والشهرية والفصلية وبمساحة ... سم تقريبا على ان يتضمن وجه كل بطاقة رسم لاحد ... الرافد... اضافة الى المعلومات الرئيسية الاخرى التي ... ابرازها اعتياديا كاسم اللجنة وثمن البطاقة وان تحاط هذه ال... ات باطار جميل يتناسب وشكل البطاقة .

... ارفقتكم للقيام باعمال التصميم وتقديم مخطط ... ان تكون التصميمات لكل اصداربة ... مع اعلامنا باجور التصميم لكل بطاقة ونحبذ ... ميم وا... لكل اصداربة ( اسبوعية ، شهرية ، ... اعلامنا بالاجور التي تتقاضونها عن كل تصميم ... بهذا السيد حميد ابراهيم سكرتير اللجنة لتزويدكم ... بشأن اعداد كل تصميم .

ننتهز الفرصة للاعراب عن خالص شكرنا لكم مع التقدير .

ع. وزير المالية
رئيس لجنة يانصيب الرافدين
باقر حسن

نسخة منه الى :
السيد حميد ابراهيم / للمتابعة




عەبدولکەریم قاسم – سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق



ژنە شۆڕشگێڕی جەزائیری جەمیلە بوحیرد


شراب
ميلانو
نبيذ خالص


النبعة
مثلجات
حليبية
مثلجات
النبعة
علامة مسجلة
صنع في العراق
المحتويات
حليب ، مطيبات ، مثبتات ، عطور
سكر ، زبد والوان غذائية
السعة
٥٠٠ سم٣
بغداد - ساحة قحطان
هاتف ٥٤١٢٨٦٢




بسكويت ثابت
مُحشي بالكريم
مُغذي للأطفال




ماء ورد أيد
إنتاج معمل الأخوان


معمل الحفر والزنكوغراف
والاختام المعدنية
والارمات النحاسية والبلورية
تحت ادارة
حزني الحسني ومحمد امين يمني
بغداد
سوق
المصبغة


الاتحاد العام للغرف التجارية العراقية
تأسس
١٩٦٩


مثلجات
المنى
مثلجات حليبية
المحتويات
حليب، سكر، زبدة،
كاكاو، مطيبات، عطور والوان غذائية
منعشة
لذيذة
السعة
١٠٠٠ سم٣
صنع في العراق
علامة مسجلة
بغداد - شارع ١٤ رمضان - مقابل
المستلزمات الطبية - هاتف ٥٤٢١٠٤٥
٥٠٠


معمل
البيداء
كربلاء - حي الحسين
شربت صناعي مركز
بنكهة البرتقال
السعر ٦٠٠ فلس



SPINACH




ثلاثون الف
دينار
الموسمي
رقم ٢٥٧٥٢٧
رقم ٢٥٧٥٢٧
الجائزة الاولى
٣٠٠٠٠
دينار
№ 257527
№ 257527
سعر نصف البطاقة
١٢٥
فلسا
تصدره رئاسة لجنة اليانصيبات في وزارة المالية




الهلال الأحمر والتدرن
وحماية الأطفال والطيران
المنفعة
٢٥٠ فلسا
الجائزة الأولى
٧٠٠٠
دينار
تصدره رئاسة لجنة اليانصيبات في وزارة المالية


وفر زهير


AL-WAND BISCUITS
ماركة مسجلة
علامة
صنع في العراق
الوند
معمل
بسكويت
الوند
محشي بالكريم

کاره دەگمەنەکانی هونەرمەند (بەدیع باباجان) تەنها لە چوارچێوەی شاری بەغدا قەتیس نەبووە، بەڵکو کاری بۆ شارەکانی تریش کردووە لەوانە دروستکردنی بیتاقەی تایبەت بە شارەوانی سلێمانی بە نرخی ٥٠ فلس، هەروەها دەستڕەنگینی ئەم هونەرمەندە تەنانەت گەیشتۆتە ڕێکخراوە مەدەنییە کوردی و عەرەبییەکانیش ئەوەتا یەکەمین ئاڕمی یەکێتی نووسەرانی کورد لەلایەن هونەرمەندەوە دروستکراوە، هەروەها ئاڕمی (الاتحاد العام للغرف التجاریە العراقیە) و دروستکردنی کارتی تایبەت بە بانقی ڕەشید لە بەغدا، هەروەها کێشانی نەخشەی دەیان بەرگی کتێب.

گەر لە کارەکانی ناو گۆڤاری (گەلاوێژ)ەوە دەستپێبکەین، ئەوەیان نازانم کە داخۆ لەسەر داوای سەرپەرشتیارانی گۆڤارەکە ئەو لایەنانە دیاریکراوە کە هونەرمەند کاری بۆ بکات یاخود هونەرمەند ئەو بوارانەی هەڵبژاردووە بۆ کارکردن، کە شێوازی کارکردنەکە نزیکە لەو شێوازەی کە (حسین حوزنی موکریانی) لە گۆڤاری (زاری کرمانجی)دا ئەنجامیداوە و بۆ هەریەك لەو بوارانە (وەبیرهێنانەوە، ڕزگاری لە نەزانین، وێنەی کەسایەتییەکان) وێنەی تایبەتی کردووە، هونەرمەند (بەدیع باباجان) لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا هونەرمەند (بەدیع باباجان) هەمانشێوەی کارکردنی پەیڕەوکردووە بۆ نموونە نەخشاندنی وێنەی تایبەت بۆ بابەتەکانی (بەشی ڕەنگین، دیوانی گەلاوێژ، چیرۆکی ئەم مانگە، گەلاوێژ و خوێندەوارانی، بۆ پێکەنین)ی ئەنجامداوە بەشێوەیەکی داهێنەرانە.

دواتریش هێڵکارییەکانی کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) یەکێك بووە لەو هێڵکاریانەی کە دەکرێت وەکو ناوبانگترین هێڵکاری لە مێژووی هونەری شێوەکاری کوردیدا ناویان بهێنین، کە هونەرمەند بە حیبری ڕەش نەخشاندوونی، کە بڕواناکەم هیچ کارێکی هونەریی لە ئاستی ئەو هێڵکاریانەدا لە ڕووی هونەرییەوە باڵاتر بێت، لەهەمانکاتدا ئەو هێڵکاریانە بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە چەندین شێوەکاری تر ئەو هێڵکاریانە بەشێوە و ڕەنگی جیاوازەوە بنەخشێنێتەوە لەوانە (قەرەنی جەمیل، ئاکۆ غەریب) بووە.

هونەرمەند لەدوای چەندین نەهامەتی و کڵۆڵی ژیان نەیتوانیوەماڵێك پێکەوە بنێت کە خۆی و خێزانەکەی تیادا کۆبکاتەوە تا ئەو دەمەی کە لە ڕۆژی ١٩٩٦/١١/١٥ بۆ دواجار ماڵئاواییکرد لێمان و لە گۆڕستانی (محەمەد سکران) لە نزیك ڕاشدییە لە بەغدا بەخاك دەسپێردرێت، خۆ دەکرێت لەم جارەیاندا خوێنەران ببنە وەڵامدەرەوەی ئەم داوایەی هونەرمەندێك بەو سەلیقەییە و بەو توانایە و بەو ئیدراکەوە ناکرێت جێگەیەکی

شیاو بۆ خێزانەکەی نەبێت کە ئێستا لە شاری سلێمانی لە خانووی ماڵێکی ناسیاویاندان وەك خێر جێگەیان کردوونەتەوە و پاش وادەیەك دەبێت لەوێش بڕۆن، چونکە خانووەکە فرۆشراوە، ئایا دەکرێت کێ وەڵامدەرەوەی ئەم پرسیارە و چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەی لە ئەستۆدا بێت، کێشەی خێزانی ئەو هونەرمەندەی کە هەموومان پێی دەڵێن هونەرمەندی گەورە و ناوی (بەدیع باباجان)ە.

ئەم سەرمایە هونەرییە ناوازەیە کە زیاد لە بوارێکی داهێنانی تێدایە و دەبێتە نازنامەیەکی هونەریی، ئێمە گەرلەسەردەمانی ژیانی هونەرمەنددا نەیانتوانیبێت ببنە مایەیی خۆشگوزەرانی بۆ خۆی و ماڵ و منداڵی بەڕاستی جێی داخوشەرمەزارییە، بۆ ئەم مێژووەی ئێمە کەماڵ و منداڵی ئەم کەڵە پیاوە خێرەومەندان داڵدەیان بدەن و ماڵێك نەبێت تیایدا ئارام بن لەسایەی ئەم بەخشینە ئاڵتوونیانەوە.




مەزاری هونەرمەند بەدیع باباجان، راشدیە/ بەغداد

# دیوانی گەلاوێژ



## کورد له

## (( دیباچەی مەم وزین )) دا

ئەحمەدی خانی کەبە راستی فردەوسی کوردە له
هاتوتە دنیاوە له ۱۱۰۵ ه دا مەم وزینی نوسیوه
ئاپایەی پارچەیە کە لە دیباچەی مەم وزین
نازانری مردوی له شاری بایزیده .

ساقی تو ژبو خدی کرمکه — یك جرعەیی دجام
داجام بمی جهان نمادت — هرچی مه ارادەیه
دا کشف بدت لبرمه احوال — کانی دبتن میسر
ادبارا مەوی کها کالی — آیا بوه قابل
یامر وهه دی لاستوابت — حتی وەکو

گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (٧–٨ ) ی ساڵی١٩٤١

## دیوانی گەلاویژ

# شیر بە پەیوەندەیە

(سیدی)

بەیوەندەن ، شیرین بەیوەندەن . .

ئەبروی سیات وەهەم پەیوەنـــدەن

اری قەوس استای عەیب زەندەن

بەلە سەدپەیکان وە جەرگم شەندەن

ــــتە زولفان حەیران مەندەنان

ـــــن ، باشامار یاهو کەمەندەن

ــەمینت ، زولف چین‌چینت

داەی دامەن سەیادان ئەندەن

سەدتاز پیچدان وەهەمدا

ش سەددل پیش بابەندەن

داش بیم نیگەران مەنام

رەقەن بیســامان رەندەن

گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (٢) ی ساڵی ١٩٤٨




گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (٢) ی ساڵی ١٩٤٨




گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (٤) ی ساڵی ١٩٤٨




گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٤٩




گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (٦) ی ساڵی ١٩٤٩



بۆ بەرگی کتێبە شیعری (یادگار و هیوا)ی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کێشراوە

**سەرچاوەکان:**


١- دیداری هونەرمەند لەگەڵ هێرش محەمەد ئەمین لە گۆڤاری ڕەنگین ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٨٨

٢- ژمارە ٤ی بەیان ١٩٧٠

٣- ژمارە ٤ی بەیان ١٩٧٠

٤- ژمارە (٨)ی گۆڤاری (ڕامان)ی ٥ی شوباتی ١٩٩٧

٥- ژمارە (٦)ی گۆڤاری ڕەنگین- ساڵی ١٩٨٨

٦- هوزا نڤانێت کورد (سادق بەهادین ئامێدی) چاپی یەکەم ١٩٨٠.

٧– من ینابیع الشعر الکردي الکلاسیکي الکردي (رشید فندي) ٢٠٠٤ بەشی یەکەم.

٨- شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ (مستەفا نەریمان) وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ساڵی

٩- گۆڤاری نزار ژمارەکانی (٢-٤) ساڵانی ١٩٤٨-١٩٤٩

١٠- مێژووی ئەدەبی کوردی (عەلائەدین سەجادی) ١٩٧١

١١- گۆڤاری گەلاوێژ ژمارەکانی (١٢-٦)ی ساڵی نۆیەم

١٢- دوا ماڵئاوایی (شێرۆ موفتی) ١٩٩٢

١٣- اغانی کردستان (د.مارف خەزنەدار) ١٩٧٢

١٤- شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عیراق (عەلائەدین سەجادی) ساڵی ١٩٥٩

١٥- دیوانی بێخود (حەمەی مەلا کەریم) ساڵی ١٩٧١

١٦- ژمارە (٢٩)ی گۆڤاری ڕامان ساڵی ١٩٩٨

١٧– اصول اسماء المدن والمواقع العراقیة (جەمال بابان) ١٩٨٩


١٨- ڕۆژژمێری هاوسەر (هوشیار قەفتان) ١٩٩٨

١٩– اعلام الکرد العراق (جەمال بابان) ساڵی ٢٠٠٦

٢٠- شەهیدانی قەڵای دمدم (مستەفا ساڵح کەریم) ساڵی ١٩٦٠

٢١- پێکەنینی گەدا ساڵی ١٩٧٤

٢٢- بۆ کوردستان (هەژار) ساڵی ١٩٦٦



بەدیع باباجان لە نوسینگەی **خط العربي** شاری بەغداد ساڵی ١٩٨٩

# پاشكۆیەكی تایبەت

## کۆچی هونەرمەند بەدیع باباجان کارەسات بوو..!!

م.جەمیل ڕۆژبەیانی

**پێشەکی:**

قوبادی و باباجانی (باوەجانی) دوو عێلی بە ناوبانگی کوردن بەوەوە شانازی دەکەن کە ڕۆڵەی بەخیان، ڕووی تیرەکانیانی سپی کردووە، بۆ وێنە: هەستیاری مەزنی هونەروەری گەوهەر و مراواری هونەر و لە ڕشتەی داستانی شەیدایی جەنگاوەری و بابەتی ترا بەشێوەی گۆرانی، شاعیری هەمیشە جاوید و نەمر «خانی قوبادی» ناوی عێلەکەی خۆی بەرز کردۆتەوە بۆ کەشکەلانی فەلەك.

بنەماڵەی باباجانیش نازناوی عێلی باوەجانی-یان گەیاندۆتە یونیەی هونەر و وێنەگەری و پزیشکی و شیعر و خۆشەویسی دکتۆر حوسەینی باباجانی پزیشکی نەشتەرکار و شاعیر و نووسەر و زانای زۆر زمانی بیانی وەکو فەڕەنسی و ئەڵمانی و تورکی و فارسی بوو، لە شاری کەرکوك لە گەڕەکی ئاخی حوسەین، کە بە هەڵە ناوەکە گۆڕاوە بە ئاخور حوسەین خانوویەکی تەلارئاسای هەبوو، پێوانەی حەوشەکەی پتر لە دوو هەزار مەتر بوو، باخێکی تەژی لە پرتەقاڵ و نارنج و سێو و هەرمێ و ترێ و دارخورمای تیابوو، ئەکەوتە پشتی بازاڕەکەی ئاخی حوسەین بەلای خۆرئاوادا بەرامبەر بە مزگەوتی نائب.

«حوسەین باباجان» لە کەرکوك لە دایکبوو بوو، بە منداڵی لە کەرکوك خوێندبووی، پاشان چووبووە کالیجی سپایی و لە ئەستەمبوڵ پزیشکی خوێندبوو، نەشتەرکارێکی لێزان و کارامە بوو پاش چەندین ساڵ خزمەت گەڕابووەوە نیشتمانەکەی خۆی، لەو ماڵە گەورەیەدا کە دروستی کردبوو چەند ژوورێکی تەرخانکردبوو بۆ بینینی نەخۆش (عیادە) و بۆ هاتن و چوونی خەڵك، دیوەخانێکی گەورەشی هەبوو هاودەمان و دۆستان و برادەران کە زۆرجار کۆڕی ئەدەبی تیادەبەسترا هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانی

هاوڕێ و هاودەم بوو حوسەین ئەفەندی ژن دۆستبوو چەند ژنێکی هەبوو چەند ڕۆژێك لە ماڵ دەرنەچووبوو شێخ ڕەزا ئەم فەردەی بۆ نووسیبوو:

**"لە ترسی ئافرەتەکانی ئێستە واقی وڕە**

**حوسەین فەندین دوکتی وەك مریشکی کڕە"**

شێخ ڕەزا بەوە وازی نەهێناوە کە جار جار بەلار بگرێتە دکتۆر حوسەینی هەواڵی، بەڵکو پەلاری گرتۆتە باباجانی خزمیشی دووکەس لە خزمەکانی دکتۆر حوسەین بلەزەندەر و زل و زەبەلاح بوون، شێخ ڕەزا پەلارێکی تێگرتوون تەماشای ئەم فەردە بکەن:

**"دوو جانەوەر هەن لە ئەسڵی جانی ئەمینی جان**

**ئەمینی حاجی کەریم و ئەمینی باباجان"..**

شێخ ڕەزا و دکتۆر حوسەین باباجان هەردوو خۆیان سەر بە تەریقەتی قادری ئەدایە قەڵەم لە کەرکوك کابرایەکی نەخوێندەوار خۆی بە پەیڕەوی ڕێی نەقشبەندی ئەداتە قەڵەم، بێ بیرکردنەوەی داوا لەم دووە ئەکات لەسەر دەستی ئەو تەریقەتی نەقشبەندێتی وەربگرن، شێخ ڕەزا بە دوو بەیتە وەرامێکی توندی ئەداتەوە، بەڵام دکتۆر حوسەین بە قەسیدەیەکی فارسی (٤٢) بەیتی بەیتەکانی شێخ ڕەزای ئەخاتە ناو (تضمین)، وادیارە شێخ ڕەزا کە زۆر مخلصی شێخ حسام الدین بووە و قەسیدە زۆر بە شکۆکەی دەربارە وتووە، لەبەر ڕێز شکۆی ئەو، تەنها گاڵتەیەکی پێکردووە.

تەماشای بکەن:

**"خلیفە ساختە شێخ تەویلە تو خدی**

**بەڵا خەلیفەی شێخ تەویلە خەرباشد"**

کابرای خۆ بە خەلیفەی زان ناوی خۆی نابوو شێخ برایم جا دکتۆر حوسەین بەم جۆرە وەرامی ئەداتەوە:

**ای خەلیفەی نەقشبندی ای شێخ ملك سروری**

**مشکل دارم کەحلش نیست سهل و سرسری**

لە ناوەندی قەسیدەکەدا دەڵا:

**شێخ عامی چون تواند کرد ارشاد خواص**

**در کلیم الله مؤپر نیست سحر سامری**

ئینجا چوارینەکەی شێخ ڕەزا ئەخاتە ناو (تضمین)

کە ئەمەیە:

**گهنه رندی چون رچا از خواند قادری**

**نقشبندی کی شود اسلام وانگه کافری؟**

**من هزاران شیر نررا درکمند اوردمام**

**ماده روباها توخواهی درکمندم اوری**

ئینجا دکتۆر حوسەین قەسیدە (٤٢) بەیتییەکەی، بەم فەردە تەواو دەکات:

**"مرغ جانم هرزمان گوید به اهنك سماع**

**قادریم قادریم قادریم قادری"**

دکتۆر حوسەین باباجان بە سێ زمان شیعری باشی هەبوو من دیوانەکەیم هەبوو لە کتێبخانەکەمان سووتا، لەم ڕۆژانەدا ئەم قەسیدەیەم لە دەفتەرێکدا بەرچاوکەوت..

دکتۆر حوسەین لە یەکێ لە ژنەکانی کوڕێکی هەبوو لە کۆلیجی پزیشکی خوێندبووی سەرئەنجام شێتبوو بوو لە یەکێ لە ژوورەکانی ناو حەوشەکەدا بە زنجیر بەسترابووەوە ئێمە کە لاوین ئەچووین لە پەنجەرەکەوە قسەمان لەگەڵ دەکرد، نموونەی زیرەکی بوو، باسی فەلسەفەی کوردایەتی دەکرد، لە ژنێکی تریشی سێ کوڕی هەبوو ئەبوبەکر و بەدیع و (...) ناوی ئەوی ترم لە بیرچووە لە ژنەکانی تری کچی زۆر بوو، ئەمانە پاش مردنی هێشتا منداڵ بوون ژەنەکانی حەوش و ماڵەکەیان بەشکرد بە چەند خانوو...

بەدیع باباجانی هونەرمەند کوڕی ئەم دکتۆرە کەڵەشاعیرە بوو..

خوێندەواران هەموویان بەدیع دەناسن، لەم دواییەدا لەو قەلەندەر خانەیەدا بە خۆشنووسی و نیگارکێشییەوە خەریك بوو، یارەی کڵیشەی کتێبی لەکەی و مرنەئەگرت ئەو وێنە قەڵەمی یانەی کە بۆ کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا عەلادین کێشابووی هەر بە خەیاڵ بێ ئەوەی کە کەسی ڕێبەریی کردنی گەواهی هونەرمەندی ئەو پیاوە بوو دەبێ زانا، هەستیار، خاوەن قەڵەم بلیمەت هەمیشە بێ نان و ئاو، لە قەلەندەر خانەکانیانا سەرینێتەوە کە کەس پێیان نەزانێ، کەس تەرمەکەیان نەبات بۆ سەر گۆڕ یا شردنی ئنجا خەڵك خەفەتی بۆ بخۆن و هەوڵی ئەوە بدەن کۆڕێکی سەرشیوەنی بۆ سازبکەن.

«خەسرەو بەگی جاف بەڵێنی دابوو کۆڕێکی بۆ سازبکات، کە نووسەران پاش مەرگی بەسەر و پوتەڵاکیا هەڵبدەن»..

بەدیع جگە لەوەی هونەرمەند بوو، نووسەر و هەستیار بوو، لە یەکێ لە ژمارەکانی

گۆڤارێکدا چەند هەڵبەستێکی چاپ کرابوو، بەبۆنەی ئەوەی کە هەندێ لە هەڵبەستەکانی بە زمانێکی بێگانە بوو ئەو ژمارەیە لەناوبرا و بڵاونەکرایەوە، ئەگەر هی ئەو قەلەندەرە بێ نان و ئاوە نەبوایە، ڕەنگە بە ئاوی زێڕ بنووسرایەوە..

شێخ ڕەزای تاڵەبانی هەرگیز ئەم جۆرە هەلەی لەدەس نەداوە پیاوی پارەدار کە لە دیوەخانەدا بای لێ بەربێتەوە، پێی ئەوترێ (یرحمك الله)، بەڵام پیاوی هەژاری قەلەندەر ئەگەر لە کۆڕێکا بیژمی پێی ئەوترێ ئەم گرمەیە چی بوو؟ (کە دەبوو بۆ ئەم یرمحك الله بوترێ)..

بەدیع باباجان، بە ڕووت و ڕەجاڵی خزمەتی ئەدەبی کوردی، هونەرت کوردی خووشنووسیی کوردی کرد، هەرگیز باکی نەبوو لەوەی کە نەبوو ژیانی حاڵی ئەو هەمیشە هەڵبەستەکەی شێخ ڕەزا بوو ئەو شێخ ڕەزایەی کە دەبوو نازناوی (لسان الحق)ی بدرێتێ هەروەك حافزی شیرازی کە نازناوی (لسنان الغیب)ی دراوەتێ، بەڵام بەداخەوە دوژمنێکی کورد (ئەدموندز) ناتوورەی هەچوکەریکی کوردی بۆ بەکارهێنابوو، کەسیش لەو حەلەدا بەرپەرچی بۆ ئەو نەنووسیبوو جا شێخ ڕەزا لە ژیانی هەزاران قەلەندەری وەکو بەدیعەوە وتوویە:

**"شاهی کە نەبێتن ڕازیم بە گەدایی**

**بۆ ئەهلی قەناعەت لە پڵاو چاترە داندۆك"**

بەدیع دڵت بە خۆت نەسووتێ لەپێش تۆدا حوسەین حوزنی هونەرمەندی خۆشنووسی کلێشەکێشی هەستیاری ڕۆژنامەنووس مرد، هەژار و محەمەد تەرمەکەیان دانایە پشت و سەرشانی چەند کۆڵکێشی بردیانە گۆڕستان، بەڵام پاش مەرگ ئەوە پەنجا ساڵە ئەدیب و نووسەران بەسەر و پوتەڵاکیا هەڵئەدەن، تۆش وەك ئەو لەمەودوا هەرکەسێ فرچەیی قەڵەمێکی هەبێ یادت ئەکاتەوە، ئەدیب و نووسەران کۆڕت بۆ ئەگرن تۆ زیندووی لە دڵی هونەر دۆستانا نامەوێ لەمە پتر لە گۆڕەکەتا هەراسانت بکەم بە ئێزەی پاکژم سپاردەی کەمەیدان نەدا بە ئەهریمەن چرای گۆڕەکەت خامووش بکات.. بە هەنسکەوە خواحافیزیت لێ ئەکەم.

دۆستی بنەماڵەتان

سەرچاوە: گۆڤاری ڕەنگین ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٨٨

لە کۆچی دوایی هونەرمەندی هەڵکەوتووی کورد
مامۆستا بەدیع باباجاندا

## هەناسەیەکی سارد، ئاهێکی گەرم

محەمەدی مەلا کەریم

مامۆستا گیان!

دوێنێ لاپەڕەکانی (هاوکاری)ی هەفتەی ڕابردووم پەڕە پەڕە ئەکرد، لە دوا لاپەڕەی ژمارەی هەر دوێنێدا وێنەکەت لەبەر چاوانما زەق بووەوە.

هێشتا سەردێڕی بابەتەکەم نەخوێندبووەوە، ئەو مێژووەم بەرچاو کەوت کە لە دوو توێی دێڕە پێشبینەکانیا بە ژمارە نووسرابوو بۆ چرکەیەك دوان لە شوێنی خۆما سڕبووم چاوم هەڵبڕی بۆ سەرەوە، دیم هەواڵی (ماڵئاوایی بەدیع باباجان نووسرابوو، تاسێکی قووڵ بردمیەوە، بە چاوێکی پڕ لە فرمێسك و دڵێکی پڕ لە قوڵپی گریانەوە، خەیاڵ بردمیەوە بۆ نووسینگەکەت کە لە گۆشەیەکی بەرانبەری دەرگاکەیا و لەنێوان دەیان قەڵەم و شووشە مەرەکەب و ڕەنگدان و کەرەستەی وێنەکردن و نەخشەکێشان و تابلۆی جوان جوان و پرۆژەی وردە مارکەی کەلوپەلی بازرگانیدا دائەنیشتی و لەو لایشەوە کۆمەڵە کتێبی جۆر بە جۆری بیانی و جاروبار خۆماڵیش ڕیزکرابوون و تۆیش چاویلکە لە چاو و قەڵەم بە دەست و تەختەی تابلۆ لە پێش دەمدا سەرت بەسەریاندا شۆڕ ئەکردەوە خەریکی کارە هونەرییەکانت دەبووی، کە بەداخەوە بەشی زۆریان بۆ دابینکردنی ژیانی ڕۆژانە بوون.

خەیاڵ بردمیەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی بە پلیکانە بەرزە مرۆ ماندووکەرەکانی (دار الخط العربی) یەکەتدا سەردەکەوتمە سەرەوە، لە پێشا سەرێکم ئەکرد بە ژوورەکەی کاکەوڕەحمانی کوڕی مامۆستا موحەمەدەمینی خۆشنووسی بلیمەتی کوردا و سڵاوێکم لێ ئەکرد و هەواڵێکم ئەپرسی و ئنجا ئەهاتم بۆ لای تۆ و لەلای ڕاستەوە مامۆستا مەهدی خۆشنووسم بە ڕوویەکی خۆشەوە ئەهاتن بە ڕووەوە، لاتان دائەنیشتم، تاوێ تەنها بە کوردی لەگەڵ تۆ و تاوێکی تریش لەبەر مامۆستا مەهدی ئەمکرد بە عەرەبی، لەگەڵی جۆرە بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئەدواین.

دوێنێ کە ئەو هەواڵە دڵتەزێنەم خوێندەوە، لە دڵی خۆما گەڕامەوە بۆ چارەکە سەدەیەك لەمەوپێش، کە یەکەمجار بە ناسینی هونەرمەندێکی هەڵکەوتووی کورد سەربەرز و شەرەفمەند بووم، تازە تابلۆ پڕ بەهاکەی (شەرەفخانی بەدلیسی)ت قەڵەمکێشی کردبوو کە مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی وەریگێڕاوەتە سەر کوردی یەکەی (شەرەفنامە)ی پێ ڕازاندەوە و پاش ئەویش گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) لەسەر لاپەڕەی دوایی بەرگی ژمارەیەکی خۆی لە چاپی دایەوە و بەوە ئەوەندەی تر بە کوردستان و دەرەوەیدا بڵاو بووەوە.

تازە، بۆ جاری دووەم، مامۆستای سەجادی (مێژووی ئەدەبی کوردی)یەکەی لە چاپ دابووەوە و ئەو گشت تابلۆیانەی کە لە سەرەتای ساڵانی پەنجادا بۆ ئەدیبانی ناوداری کوردت کێشابوون و هەر لە چاپی یەکەمی کتێبەکەیەوە بەو هۆیەوە بە هەموو کوردستان و دەرەوەی ناساندبووی، بۆ جاری دووەم بڵاوببوونەوە.. بیرەوەری گێڕایمەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی ئەهاتمە لات و داوای تابلۆی نالی، مەحوی، خانای قوبادیم لێ ئەکردی، یەکەم و دووەمیانت لەبەر ڕووناکی تابلۆی یەکەمجاریان و سێهەمیشت لە ڕووی نموونەیەك لە کتێبێکی ئەدەبی سەر بە کوردستانی ئەودیو بۆ دروست کردم (دیوانی نالی) و (دیوانی مەحوی) و (شیرین و خوسرەو)ی خانام پێ ڕازاندەوە.

گەڕامەوە بۆ ئەو سبەیتان و عەسرە زۆرانەی لە وێسگەی پاسی ژمارە ٧١ی مەیداندا تووشت ئەهاتم یا لەماڵەوە ئەهاتی و لەوێ دائەبەزیت و بە پێ وردە وردە ئەچووی بۆ شوێنی کارەکەت، یان لەوێوە ئەگەڕایتەوە و لە وێسگەکەدا ماوەیەك ئەبوو چاوەڕوان بی تا پاسێ پەیدا ئەبوو پێی ئەگەڕایتەوە، بەڵێ، چونکە گۆران واتەنی.

**بەڵێ، دیارە لەناو قەومی بەسیتا**

**قەدری سنعەتکار وەکوو عەکسی قەمەر وایە**

**لەناو حەوزێکی لیخندا**

سیستمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵە پاشکەوتووەکەت دەرفەتی ئەوەندەی بۆ نەڕەخساندبووی ئۆتۆمبێلێکی سادە و بچکۆلەت پێ بێ بچیتە سەر کارەکەت و بگەڕێیتەوە ماڵەکەت.

بەڵکو ئەوەندەیشی بۆ نەڕەخساندبووی پاش پتر لە پەنجا ساڵ خزمەت خانوویەکت هەبێ بە دڵێکی بێ خەمەوە شەوی تیا ڕۆژ بکەیتەوە.. وەك خۆت بۆت گێڕاومەتەوە، پارچە زەویەکت وەرگرتبوو، ئەتویست بیکەیت بە خانوو.. بناغەیشت بۆ دانا، بەڵام بۆت

تەواونەکرا و ناچار فرۆشتت و لەم ساڵە گرانی یانەی گەمارۆی بە نارەوا بەسەر گەلەکەمان سەپێنراودا هەندێ کون و کەلەبەری ژیانت بە پارەکەی گرت.

خەیاڵ گێڕایمەوە بۆ نزیکەی ساڵ و نیوێ لەمەوپێش کە ئەبوو تیماری چاوت بکەیت کە ئاوی داهاتبوو ترسی ئەوەت هاتبووەرێ لە نیعمەتی بیناییش بێ بەش ببی، نە خۆت پارەی نەشتەرکاریت هەبوو نە خەستەخانەکانی میریش پێویستیەکانی نەشتەرکاری بە خۆڕاییان تیا مابوو. ناچار بە یارمەتی هەندێ خزم و کەسوکار چوویتە هەولێر و لەوێ پزیشکێکی خێرۆمەندی بیانی نەشتەرکاریەکەی بۆ کردی و نەیهێشت لەم دوا دواییەی عومردا کلۆڵ و کەلەلا بکەوی..

مامۆستا خۆشەویستە ئەدیب و هونەرمەندە دڵسۆز و دڵپاکەکەم! تێر تێر لەسەر مێزی نووسینەکەم کە هەواڵی کۆچی دواییەکەتم لە (هاوکاری)دا خوێندەوە، بۆت گریام.. زیاتریش ئەوە قوڵپی گریانەکەمی خۆشتر ئەکرد کە قاچوقولە بە مەینەت لە دوام هاتووەکانم ئەم دوو سێ ساڵەی دوایی کەمتر ڕێیان ئەدام بێم بۆلات و بەو پلیکانە بۆ من زەحمەتانەی شوێنی کارەکەتدا سەرکەوم و ماوەیەك لەگەڵت دانیشم، چونکە نەخۆشییە لە پڕ و بێ مۆڵەتەکەتم نەزانی بێم سەرێکت لێ بدەم و هەواڵێکت بپرسم و هەر هیچ نەبێ بۆ دواجار بتبینم.. پێشتریش ترسی مردنی بەمزوانەتم نەبوو تا بیر لەوە بکەمەوە باسێکی تێروتەسەلی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی باو و باپیرتت لەگەڵ بکەم و بزانم لە دڵی خۆتا چ ڕەنگێکت بۆ بڵاوکردنەوەیان ڕشتووە و قسەیەکی لێ بکەین چۆن دەتوانین کارێك بکەین کە کوێر نەبنەوە، هەرچەندە چەند جاریش بە نیوە و ناتەواوی لێوەی دوابووین.. کە نەمزانی ئاخۆ، وەك گفتت دابوومێ، بیرەوەرییە هونەرییەکانی خۆتت لە چەند لاپەڕەیەکدا گەڵاڵە کردبوو یا نە تا کارێك بکەی ئەوەی دوارۆژ بە بەرچاوڕوونییەکی پترەوە بتناسێ و مێژووی هونەری کوردی لاپەڕەیەکی پرشنگداری تریشی ئەکەوێتە ژێر باری تەپوتۆزی کەس پێ نەزانێ دوارۆژ؟

چەند بە ئاواتەوەم بە هەموو ئەوانەی ئەتناسن و قەدری ئەدەب و هونەرت ئەزانن کارێك بکەن زوو بە زوو پاشماوەی بەرهەمە هونەرییەکانت کۆبکەنەوە و ڕێکیبخەن و پێوەندی لەگەڵ گشت ئەوانە بکەن کە شاکارێکی تۆیان لایە هەمووی بخەنە یەك و لە یەکەمین دەرفەتی لواودا هەمووی لە دووتوێی بەرگی کتێبێکی ڕازاوەدا پێشکەشی وەچەی ڕۆشنبیری ئەدەب و هونەری کوردی بکەن.



پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغداد– بەشی شێوەکاریی ساڵی ١٩٤٧

# بەدیع باباجان هونەروەرێ باڵا

**مارف خەزنەدار**

مامۆستای کۆچکردووم!

لە ناوەخت ڕۆیشتی بە ناکام ڕۆیشتی.. ئێمەیشت لە پاش خۆت بە دڵ و دەروونێکی پڕ لە خەم و دەردەوە جێهێشت.

سا، تا ئەو ڕۆژەی کاروانی مەرگ ئێمەش بە دوای تۆ و دۆستانی کۆچکردووی ترا ڕائەکێشێ، خوات لەگەڵ و گۆڕەکەت پڕبێ لە تیشکی ڕووناکی و یادت هەمیشە هەر پیرۆز و زیندووبێ!.

هەندێ لە وێنە هێڵکارییەکانی کۆواری «گەلاوێژ» (١٩٣٩ – ١٩٤٩) و وێنەی بەرگی کۆواری «نزار» (١٩٤٨ – ١٩٨٩) لە چلەکانی ئەم سەدەی بیستەمە سەرنجیان ڕاکێشام، ئەمە بووە هۆی ئەوەی لە بیرمدا هەواڵێك دروست ببێ، هونەروەرێکی کورد هەیە لە بەغدا دادەنیشێ و ناوی بەدیع باباجانە، لەو سەردەمی مێردمنداڵیمدا بە ئاواتەوە بووم بەدیع باباجان بناسم، بەڵام دیاربوو ئەم ئامانجە تەنیا لەو کاتەدا بۆ من دەهاتە دی کە دانیشتووی بەغدا بم، لەوێ ئامانجی تەواوکردنی خوێندنی زانستگام دێتە دی و بەدیع باباجان و گەلێ خەڵکی تری بە دیمەنی گێتی ئەدەب و هونەر و زانست دەبینم و دۆستایەتیان لەگەڵدا دەکەم.

خۆم لە بەغدا بینی، قوتابی کۆلێجی ئەدەبیات بووم، بیرم لە ناسینی بەدیع باباجان دەکردەوە، لە دڵی خۆمدا دەموت ئەگەر ببین بە برادەر ئاخۆ بەدیع وێنە بۆ بەرهەمەکانم دەکێشێ!؟ بەرهەمی من شایەنی ئەوە دەبێ بەدیع باباجان وێنەی بۆ دروست بکات؟ وا دەهاتە بیرم ئەگەر وێنەم بۆ بکێشێ مانای ئەوەیە بەرهەمەکەی منی بە دڵ دەبێ.

خۆ ئەمە کارێکی گەلێك بەجێیە ئەگەر من هەوڵ بدەم نووسینم بگەیەنمە پلەیەك بەدیع باباجان وێنەی بۆ بکێشێ مانای ئەوەیە من کابرایەکی خودا پێداوم، هەواڵی بەدیع

باباجانم لە عەلادین سەجادی بیست بوو، چونکە ناسیاویم لەگەڵ ئەم مامۆستایە پێش ئەویان بوو، بێگومان بینینی بەدیع کارێکی ئاسان بوو، لەو سەردەمەدا پێش نیوەڕۆ مووچەخۆر بوو لە کارگێڕی گشتیی تۆپۆگراف (مديرية مساحة العامة) بە ئێوارانیش لە نووسینگەیەك کاری دەکرد بە ناوی «دار الخط العربي» لە ژوورێك لە نهۆمی دووەمی دوکانەکانی (بابلئەغا) لە شەقامی ڕەشید نزیك مزگەوتی مەرجانی بەناوبانگ لە بەغدا.

### یەکتری ناسین

دەمێك بوو مەشقی نووسینم دەکرد بە کوردی و عەرەبی، هەندێکیانم لە ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا بڵاودەکردەوە، لەو ڕۆژانەدا کەوتبوومە سەر هەوەسی ئەوەی لە کتێبێکدا بڵاویان بکەمەوە. ئەمە هەلێکی لەبار بوو بۆ ناسینی و ئاشنایی پەیداکردن لەگەڵ بەدیع باباجان، چونکە خۆم بە بەختیار دەهاتە پێش چاو ئەگەر برادەرایەتی لەگەڵ (بەدیع)دا بکەم، دیارە بەختیارتریش دەبم ئەگەر وێنە بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی بکێشێ من دانەری بم.

پاش نیوەڕۆیەکی پایزی بەغدا بوو، ئەوەی پاییز و زستانی بەغدای نەدیبێ بە وەسف دیمەنی دڵگیری پڕ لە هەست کردن بە جوانی سروشت لەناو مێشك و دەروونیدا وێنەی ناکێشرێ، لە پێشانا من وامدەزانی بەغدام تەنیا لەبەر ئەوە خۆشدەوێ چونکە کۆلێجی لێیە، ئەگەر لەوێ نەژیم نابم بە خاوەن بڕوانامەی زانستگا، بەڵام کە چوومە ناویەوە خۆشەویستیم لایەنێکی تری ئەم شارەی گرتەوە، لە پێش هەموویاندا ئەو زانا و خوێندەوار و ڕۆشنبیرە کوردانەی لەوێ دەژیان، ئینجا شەقامی ڕەشید و ڕووباری دیجلە و چایخانە بەناوبانگەکان و نامەخانە دەوڵەمەندەکان و چاپخانە گەورەکان و برادەری تازە و تەلەفیزیۆنی تازە پەیدا بوو نەك تەنیا لە بەغدا، بەڵکو لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنانەت «ماستی هەولێر» بەرامبەر وەزارەتی بەرگری و کەبابی سلێمانی لە حەیدەرخانە ئەمانە دیاردەی لایەنی جوانی ئەم شارە بوون، گەلێ شتی تریش، بۆ من بەدیع باباجان یەکێك بوو لەم دیاردانە.

ئەو پاش نیوەڕۆیە لە قوتابخانەی ئامادەیی نێوەندی "الأعدادية المركزية" دەرچووم، پاش نیوەڕۆیان لەوێ مووچەخۆر بووم، پێش نیوەڕۆیانیش قوتابیی کۆلیجی ئەدەبیات بووم، بە گۆڕەپانی کارگێڕی پۆلیسی گشتی و موتەسەڕیفییەتی بەغدا و وەزارەتی ناوەوە تێپەڕیم بەرەو ئەمینداری پایتەخت و ئینجا مەڵبەندی دادگا، لەوێ

سەرەتای (سوقئەلسەرای) سووڕامەوە شەقامی موتەنەبی، ئەمە جێگەیەکی تایبەتی لەناو دڵمدا هەبوو، چونکە زۆربەی نامەخانە و چاپخانەکانی بەغدا لەسەر ئەو شەقامە و گەڕەکی پشت شەقامەکە بوون کە ناوی جەدید حەسەن پاشا بوو، لە کۆتایی شەقامی موتەنەبی کەوتمە شەقامی ڕەشید، لەلای ڕاست سوقلئەمانە بوو ئەمە بازاڕی میوە و هەموو سەوزەیەکی نۆبەرەی تازە پێگەیشتوو بوو، بەڕاستی ئەدگاری پێناس و ناونیشانی شار بەغدا بوو، بەڵام نازانم ئەمانە بۆچ شوێنەواریان ونبوو، بەتایبەتی لە دوای ڕووداوەکانی ١٤ی تەمموزی (١٩٥٨)، ئینجا لە گۆڕەپانەکە پەڕیمەوە ئەوەی لە دواییدا پەیکەری شاعیری ناوداری عیراقی (مەعروف ئەلرەسافی)یان لێ دانا، لای ڕاستم گرتبوو، سەرەتای بابلئەغا بوو زۆربەی دوکانەکانی جام و چوارچێوە و وێنەی گەورە پیاوان و هونەروەرانیان لێ دەفرۆشت، بەتایبەتی وێنەی کچە ئەکتەرە جوانەکانی سینەمای هۆلیوود و قاهیرەی میسر، پێش ئەوەی بگەمە مزگەوتی مەرجانی بەناوبانگ کە تەنیشتەکەی تەحتە تەکیەی لەنگە فرۆشتن بوو، بەرامبەر سوقلسەفافیر بە قالدرمەیەکی تەسك و ڕك دەبوو سەربکەوم بۆ نهۆمی دووەم، یەکەمین ژووری سەر قاڵدرمەکە نووسینگەی ڕەحمانی کوڕی محەمەد ئەمین یومنی خۆشنووسی بەناوبانگی کوردی لێ بوو، ئەمە مۆرهەڵکەن بوو و تەمغەی لە کاوچووك دروست دەکرد، لە دوای چەند ژوورێك ئەو ژوورە بچووکە بوو کە لەسەر دەرگاکەی بە خەتێکی خۆش نووسرابوو "دارالخط العربي" بەدیع باباجان پاش نیوەڕۆیان کاری تێدادەکرد هونەروەری کورد لەگەڵ خۆشنووسێکی عەرەب ناوی مەهدی بوو لە ژوورەکە پێکەوە بوون ئەوەی جێی گوشادی بوو بۆمن ئەوە بوو بەدیع خۆی قەرزاربار کرد بەرامبەر بە من، وادیاربوو ناوی منی بیستبوو، تەنانەت نووسینەکانی منیشی پێ خۆشبوو، پێش ئەوەی من بە شان و باهووی هونەری ئەودا هەڵبڵێم خۆی ئارەزووی دەروونی دەربڕی کە بەختیار دەبێ ئەگەر من داوای کارێکی هونەری لێ بکەم بۆ بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی، ئیتر ئەمە ڕێی بۆ ئەوە خۆشکرد پێی بڵێم: بەڕاستی ئەوپەڕی بەختیارییە بۆ من هونەروەرێکی کورد وەك بەدیع باباجان بناسم، بێگومان ئەم ناسینەش ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەکات ئارەزووی هەردووکمان بێتە دی ئەگەر پێویست بوو بەدیع وێنەی هونەریی بۆ من بکێشێ هەر لەو بینین و ناسیاویەش ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوت کە بەدیع بڕیاریداوە هەرچی کارێکی هونەری پەیوەندی بە کوردەوە هەبێ تا ژیانی ماوە بەبێ پارە و بە خۆڕایی دەیکات، لەبەرئەوە کارە هونەرییەکانی لە نووسینگە دوو جۆربوون، یەکێکیان داهێنانی هونەری ئەمەیان بێ پارە بوو، ئەویتر کاری تەمغە و مارکەی بازرگانی

بۆ دەسگا و کۆمپانیا و خەڵکی تر، ئەمەشیان بۆ پارە بوو لە پێناوی سووککردنی باری دارایی خێزانی، ئەمەشیان باوەڕناکەم ڕۆژێ لە ڕۆژان بەدیع مامەڵەی پارەی لەگەڵ ئەو کەسانە کردبێ کە مارکە و دروشمی بازرگانی بۆ دروست دەکردن.

## وێنە هێڵکارییەکانی مێژووی ئەدەبی کورد

ئەگەرچی لە دەوروبەری جەنگی دووەمی گێتی و پاش جەنگ بەدیع وەکو هونەروەرێکی شێوەکاری کورد ناوبانگی پەیداکردبوو، بەوەی هەندێ لە بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و کۆواری کوردی بڵاودەکرانەوە بەتایبەتی لە کۆواری "گەلاوێژ" و "نزار"، بەڵام ناوبانگی تەواوی لە سەرەتای پەنجاکاندا پەیداکرد، لەو کاتەی وێنەی هێڵکاری کۆمەڵێك لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی کێشا بۆ کتێبی "مێژووی ئەدەبی کوردی" لەسەر داوای عەلائەدین سەجادی.

وەك لە بەهەشتیان عەلائەدین سەجادی و بەدیع باباجانم بیستووە ماوەیەکی زۆر پێکەوە خەریکی لێکۆڵینەوە بوون لە هەموو ڕوویەکەوە بۆئەوەی وێنەکان نزیکی ڕاستی ئەو سەردەمە بن کە شاعیرەکان تیایدا ژیاون لە ڕووی نەژاد (ئەتنۆلۆجی) و ئەنتۆگرافییەوە، واتە پۆشینی جلوبەرگ و کەلوپەلی ئەو سەردەمانە، بەدیع ئەوەی دەردەبڕی خۆی پێبەستی بیروڕا و بۆچوونەکانی عەلائەدین سەجادی بوو، ئەگەر هەڵەیەکی بچووك ڕوویدابێ زیاتر ڕەچاوکردنی بیروبۆچوونی سەجادی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا گومانی تێدا نییە ئەو کۆمەڵە وێنە هێڵکارییە شۆڕشێك بوو لە مێژووی هونەری و خوێندەواری و ڕۆشنبیری کوردیدا.

بێگومان کێشانی وێنەی شاعیرانی بەرزی وەك بابا تاهیر و مەلای جزیری و بێسارانی و خانی و نالی و سالم و مەولەوی و مەلای جەباری و سەی یاقۆ و کوردی و حاجی و مەحوی و سالمی سنە و مەجدی و حەریق و ئەدەب، کارێکی سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی گرنگ بوو لە دروستکردنی سیما و ئەدگاری هەڵکەوتووانی کورد لە مێشك و دڵ و ویژدانی تاکی کورد، بەتایبەتیش هونەروەرێکی بەرزی وەکو بەدیع باباجان دروستی کردبن.

## هەندێ تێبینی لەم لایەنەوە

وێنەی شاعیرانی کورد ئەوانەی دەست و پەنجە ڕەنگینەکەی بەدیع دروستی کردوون، بوون بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لاسایی کردنەوە، کۆمەڵێك لاوی هونەروەر

لاسایی ئەویان کردەوە و دووبارە و سێ بارە لەسەر وێنەکانی بەدیع وێنەی هێڵکاری و ئاوی ڕۆنی (زەیتی) ڕەنگاوڕەنگیان دروست کرد، هەندێکیان سەرکەوتوو بوون، هەندێکیشیان لە مەیدانی ئەم مەشقەدا سەرکەوتوو نەبوون.

لە سەرکەوتووەکان هونەروەرێکی هەڵکەوتووی کورد وەك قەرەنی جەمیل کۆمەڵێك وێنەی ئاوی ڕەنگاوڕەنگی شاعیرانی دروستکرد، سەرچاوە بنچینەییەکەی وێنەکانی بەدیع باباجان بوون، لەم وێنانەی قەرەنی جەمیل تەنیا وێنەی "نالی" بڵاوکراوەتەوە، ئەوانی تر لە ئەرشیف ماونەتەوە، ئەوەی نالی پێشکەش بە ئێمە کرا، وا بوو لە (دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی)دا (١٩٧٧) بە ڕەش و سپی بڵاوکرایەوە.

ماوەیەکی کەم پێش کۆچی دوایی بەدیع باباجان لە مەڵبەندی ڕووناکی لە هەولێر لە ماڵی ئێمە میوانی نامەخانەکەمان بوو، کە بۆ یەکەمینجار چاوی بە وێنەی نالی کەوت بە دیوارەوە هەڵواسرابوو، لێی نزیك بووەوە، بە وردی تەماشای کرد، من ئینفیعالی دەموچاوی بەدیعم دەخوێندەوە، لە پڕ وتی کتێبەکەی سەجادیم بۆ ناهێنی! منیش کتێبەکەم خستە بەردەستی، ئەو لاپەڕەیەم بۆ کردەوە کە وێنەی (نالی)یەکەی خۆی تێیدا کێشرابوو، وێنەکەی خۆی بەرامبەر بە وێنەکەی قەرەنی ڕاگرت و ڕووی کردە من و وتی: تەماشاکە ئەم هونەروەرە ژیر و بلیمەتە ئەم وێنەیەی لەسەر وێنەکەی من دروستکردووە، بەڵام بزانە چ بوعدێکی هونەری داوەتێ، بڕوانە هونەروەر چی قووڵاییەکی خستۆتە چاوی نالی و چۆن دەنواڕێتە مەجهوول، بەڕاستی ئەم هونەروەرە لاوە جێگەی شانازییە.

لە دوای دروستکردنی وێنەی شاعیرانی کلاسیکی کورد لەلایەن بەدیع باباجانەوە هەندێ کەرەستەی تازە لەم لایەنەوە پەیدا بوو لەمانە وێنەیەکی فۆتۆگرافی عەبدوڵێ بەگی میسباح – دیوان (ئەدەب) لە بەرگی دوایی "دیوانی میسباح"ی چاپی مەهاباد بڵاوکراوەتەوە، وەك چاوەڕوان دەکرا لە وێنەکەدا میسباح لەسەر کورسی دانیشتووە و فێسی لەسەرە و ڕۆیی لە بەرە لە تەك مێزێك نووسینی کاغەز و کتێب و قەڵەم و مەرەکەبی لەسەر، کورسییەکەی تری ئەسکەمل ئاسایی لەولاوە دانراوە، ژوورەکە لە ماڵی کەسێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیری ئەوروپایی دەکا لە دوا ساڵانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، من باوەڕ ناکەم عەلائەدین سەجادی یا بەدیع باباجان چاویان بەم وێنەیە کەوتبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك دەموچاو هەر دوو وێنە کە هەندێ لە یەکتری دەکەن، ڕەنگە ئەمە لە وەسفی ئەنۆتۆمی (اعضاء الجسم) هاتبێ، چونکە میسباح لە مێژ نییە کۆچی دوایی کردووە (١٩١٦) هەرچی سەرپێچ و جلوبەرگیشە ڕاستتر ئەوەی وێنە

فۆتۆگرافییەکەیە، چونکە قیافەتی میسباح وەك خوێندەوار و ڕۆشنبیرێکی قاجاری و عوسمانی بوو، نەك کەسێکی کوردی دەشتەکی یا مەلا و فەقیەی حوجرە.

نموونەیەکی تری کاریگەری بەدیع بەسەر هونەروەری دیکەی کورد ئەوەیە، وێنەی سەی یاقۆ (١٨٠٨ – ١٨٨١) بووە بە سەرچاوە بۆ هونەروەرێکی دیکەی کوردی ئێران بۆ کێشانی وێنەیەکی تازەی سەی یاقۆ لەسەر بەرگی "دیوان سید یعقوب ماهیدشتی" لە ساڵی ١٣٦٣ هیجری قەمەری لە ئێران بڵاوکراوەتەوە، وێنەکەی بەدیع لاوەکییە واتە لای شانی شاعیر کێشراوە، کەچی هونەروەری کوردی ئێران کردوویەتی بە وێنەی بەرامبەری و داهێنانێکی هونەری تێدا کردووە بەوەی بە فریشتەیەك و قەڵەم و ساز و سەنتورێك و پەرە مووچە و شیرێك وێنەکەی ڕازاندۆتەوە.

## أغانی کردستان

سێ چوارجار لەگەڵ بەدیع باباجان دانیشتین و بە وردی لە ناوەرۆکی کتێبی "أغانی کردستان" گفتوگۆمان کرد، سەرسوورمانی من بێ سنوور بوو لە تێگەیشتنی بەدیع لە شیعرە کوردییەکان بە زمانی کوردی پێش ئەوەی ئاگاداری وەرگێڕانی شیعرەکان بێ بۆ زمانی عەرەبی، بەدیع وا دەهاتە بەرچاوم وەك شاعیرێکی بەرز و قووڵ بێ، نەك تەنیا خاوەن چێژێکی ئەدەبی بێ.

ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەم شاعیرانەدا ژیا، وەك خۆی وتی: هەندێکیان کاریان تێ کردم و وێردی زمانی شەو و ڕۆژم بوون، لە خەیاڵمدا ئاوا نەدەبوون.

لە هەموو داواکارییەکم پەلەم لە بەدیع نەدەکرد، ئاگاداری ئەوە بوو ئەو وێنانەی بۆ من دروستیان دەکات دەبێ داهێنانیان تێدابێ، وەك ئەو دروشمە بازرگانیانە نەبوون کە بۆ کۆمپانیا و دەسگا ئابوورییەکانی دروست دەکردن، جارێکیان وتی: هەندێ شیعر هەیە زۆر حەزدەکەم وێنەی تەعبیریان بۆ دروست بکەم، بەڵام ئیلهامم بۆ نایە، هەندێ جاریش سەرپێی شیعرێکی تر دەخوێنمەوە کەچی ئیلهامم بۆدێ و دەروونم فرمان دەردەکا کە بیخەمە سەر کاغەز، کە کارەکە دەگاتە ئەنجام پەشیمان نابمەوە و بەهی خۆمی دەزانم.

ماوەیەکی زۆر نووسینەکانم لای بەدیع باباجان مانەوە، ئێوارەیەکیان ڕەنگە هەنگاوێك بووبێ لە بەختەوەرترین سەردەمی سەرانسەری ڕۆژگاری ژیانم کە کۆمەڵێك وێنەی هێڵکاری پێشکەش کردم بۆ کتێبی "أغانی کوردستان" وێنەکان بریتی بوون لە:




١-وێنەی بەرگی کتێبەکە.

٢-وێنەی چوارچێوەیەکی هونەری لە پەڕەکاغەزێك و شووشەیەکی مەرەکەب و پەڕەمووچێك پێکهاتبوو، لەسەر کاغەزەکە وشەکانی پێشەکی کتێبەکەم نووسیوە.

٣-وێنەی کچێکی کورد بە کرمەکی مێخەك و سملّەوە بۆ شیعری "خەندەکەی بایی" دڵدار.

٤-وێنەیەکی هێڵکاری تەعبیری ڕۆمانتیکی و سیمبۆڵی ئامێز بۆ شیعری "یادگار هیوا"ی ئیبراهیم ئەحمەد.

لەوساوە لەگەڵ بەدیع باباجان-دا زۆر لە یەکترییەوە نزیك بووین، بە قسەی خۆی لەگەڵ ئەوەی هەموو کارێکی هونەریی کە بێ پارە بۆی گەیاندوومەتە ئەنجام کەچی هێشتا ئەو قەرزاری منە، نەك من قەرزاری ئەو بم، لەم لایەنەوە دەیوت: ئەو کارانەی کە تۆ بە منیان دەسپێری بۆتیان بکەم کارێکن پێویستیان بە وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە و بیری قووڵ هەیە، ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی زۆر بیر بکەمەوە، لە ئەنجامدا بەرهەمێك دروست دەبێ لە پلەی کارەکە دەبێ، بەمە شەپۆلی چێژی هونەری بەرز لە دڵ و دەروونم دەکەوتە حاڵەتی شۆڕش، ئیتر خۆم بە بەختەوەرترین کەسێك دەزانم.

**هونەر بەڕادان**

هەندێکجار ڕۆشنبیرانی کورد داوای وێنەی هێڵکارییان لە بەدیع دەکرد بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانیان، هی وایان تێدا بوو گوێی نەدەدایە پلەی هونەری بەرهەمەکەی هونەروەر، لەبەرئەوە گەلێ جار دادەما و ئەو بەرهەمەی دەهێنایە کایەوە بە دڵی نەدەبوو، بەڵام بە دڵی ئەوکەسە دەبوو کە داوای لێکردبوو، بۆیە

لەم لایەنەوە بۆئەوەی لە کۆڵی ببێتەوە بەوە ڕازی دەبوو کە بڵاوی بکاتەوە، یەکێ لەو بەرهەمانە وێنەی بەرگی کتێبی "دوا ماڵئاوایی" (بەغدا ١٩٩٢)ی (شێرۆ مفتی)یە لەگەڵ پێنج وێنەی هێڵکاری لەناو کتێبەکەدا بڵاوکراونەتەوە.

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە وێنەی بەرگەکە ئەگەرچی تەعبیر لە ساتێکی بیرکردنەوە لە خۆشی و ناخۆشی ژیان ناکا، بەڵام جێ پەنجەی بەدیع و شێوازی بەدیعیانەی پێوە دیارە، بەتایبەتی پەنجەکانی دەست و پێی کچەکە یا پەرییەکەی، کەچی ئەوانەی ناو کتێبەکە ئەگەر مۆری بەدیعیان پێوە نەبوایە کەس نەیدەزانی ئەم هونەروەرە هەڵکەوتووە دروستی کردوون، زیاتر لەو نەقش و مۆزیکانە دەکەن، کە لە کۆندا دامەنی ئەو لاپەڕە سپیانەیان پێ پڕ دەکردەوە کە بەشێك لە بەشەکانی کتێب تەواو دەبو و هەندێ بەشی سپی لە لاپەڕەکەدا دەمایەوە.

### لە پێناوی ڕۆشنبیری کوردیدا

لەو ڕۆژگارەی دەستمکرد بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك کتێبی شیعر و چیرۆك و ئەدەب لە ناوەڕاستی پەنجاکانی ئەم سەدەیە لە بەغدا داوام لە بەدیع باباجان کرد وێنەی چەند بەرگێکیانم بۆ بکێشێ، هەندێ وێنەی دروستکرد، بەتایبەتیش هەوڵیدا بەرگەکان ڕەنگاوڕەنك بن چاپی ڕەنگاوڕەنگ لەو سەردەمەدا تازە پەیدا ببوو ئەرکی گەلێ قورس بوو، دەبوو بەرگەکە سێ جار زیاتر چاپ بکرێ بۆئەوەی ڕەنگاوڕەنگ دەرچێ.

بەدیعی هونەروەر چەند وێنەیەکی دروستکرد، لەناو ئەمانەدا بەرگی دیوانی سەلام بە دڵی هەموو لایەك بوو، لەبەرئەوە هەڵبژێردرا و دیوانەکە لە بەغدا لە ساڵی (١٩٥٨)دا چاپ کرا، ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ بۆ دەستە هونەروەرییەکەی بەدیع باباجان ئەوەیە ناوی شێخ سەلامی شاعیری بە وشەی "سەلام" واتە "ئاشتی"یەوە بەستەوە، هەروەها ناوەڕۆکی دیوانەکە کە بابەتی ئاشتی لەناو شیعرەکانی (شێخ سەلام)دا زاڵە بەسەر بابەتەکانی ترەوە، وێنەکە ڕەنگدانەوەی بیرێکی مرۆڤایەتی و خەیاڵێکی فراوانە، هونەروەر هاتووە پەرییەکی لەناو هەورەوە هێناوەتە خوارەوە و جلی کوردی لەبەر کردووە و چڵە زەیتونێکی بە دەستەوە گرتووە و لە گوندێك لە گوندەکانی کوردستان دەیچێنێ، ئەم وێنەیە یەکێکە لە بەرهەمە هونەرییە سەرکەوتووەکانی بەدیع باباجان، کەچی لە پاش سی و سێ ساڵ ئومێد کاکەڕەش لە ساڵی (١٩٩١) کە چاپی دووەمی دیوانی سەلامی گەیاندۆتە ئەنجام وێنە هێڵکارییەکەی بەدیع باباجانی پشتگوێ خستووە و ئەو وێنە تازەیەی بۆ ئەم

چاپی دووەمە بەرادان داوە، بەهیچ جۆرێ رووی نییە بەرامبەر بە وێنە هێڵکارییەکەی بەدیع باباجان بووەستێ، بۆ زیاتر زانیاری پەیداکردن لەم بابەتەوە دەتوانرێ تەماشای ئەم سەرچاوەیە بکرێ: (گەشتێك بەناو هەردوو چاپەکەی دیوانی سەلام-دا، کۆواری "مامۆستای کورد" ژمارە (٢٧)، پایزی ١٩٩٥، سوولەنترونا – سوید، ل ٥٨ – ٦٤).

لە پرۆژەی بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی بەدیع باباجان یارمەتییەکی دڵسۆزانەی پێشکەش کردم، جگە لە کێشانی وێنەی هێڵکاری بۆ بەرگ و ناوەرۆکی کتێبەکان هەندێ دروشم و شیعاری نایابیشی دروست دەکرد، لەناو ئەمانەدا پێویستە پەنجە بۆ دوو دروشم درێژ بکرێ، ئەمانەی بۆ "نامەخانەی گەلاوێژ"ی سلێمانی دروستکردبوو، ئەو کاتە خاوەنی ناماخانەکە رەئوف مەعروف بوو، زۆربەی کتێبەکانی بە یارمەتی ئەو لە بڵاوکراوەی ناماخانەی ئەو بوون، شیعارەکان لەسەر بەرگی کتێبەکان و ناوەوەیان بڵاودەکرانەوە، بەتایبەتی وێنەی شیعارەکانی لە کتێبی "دیوانی حەمدی" (١٩٥٧) و "شێخ مەحمودی زیندووی" محەمەد ساڵح دیلان (١٩٥٨) و "دیوانی سەلام" (١٩٥٨) بەرچاو دەکەون.

یەکێ لە وێنە هێڵکارییە رەنگینەکانی بەدیع باباجان ئەو مارکەیە بوو کە بۆ چای سەیلانی دروستکردبوو بەناوی "پیرەمەگروون"ەوە، لەو سەردەمەدا کۆمەڵێك بازرگانی پارەداری بازاڕی سلێمانی پەیمانیان لەگەڵ کۆمپانیایەکی چای سیلان بەستبوو، مارکەکەیان لە سلێمانییەوە ناردبووە هیندستان لەوێوە بەناوی "چای پیرەمەگروون" چایەکی سیلانیان دەنارده سلێمانی.

گەڕان بەدوای شوێنەواری بەدیع باباجان کارێکی قورسە، یەکێکی ورد و ژیری گەرەکە، جگەلەوەش پێویستە لە نزیکەوە ئاگاداری ژیان و جموجۆڵی هونەری و خوێندەواری بەدیع بێ، هەروەها پسپۆڕی نامەخانەی کوردی و مێشکێکی ئەنسکلۆپیدی هەبێ، ئەگینا ناتوانێ ئاگاداری ئەوەبێ لەو کاتەی عەلائەدین سەجادی ویستوویەتی کتێبی (شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عیراق) دابنێ، ویستوویەتی کتێبەکەی وێنەداربێ، بۆ هەموو بەشەکانی وێنەی فۆتۆگرافی و هێڵکاری دەستکردی چنگ کەوتووە، تەنیا لە باسی "شۆڕشی حەمە پاشا" نەبێ، مەبەست لە حەمە پاشا، (پاشای کۆرە)ی ڕواندوزە، ئەم وێنەیەی بەدیع تەعبیر لە کەسێکی زیرەك و ئازاری کوێر دەکا، تۆپەکانی جەنگی ئەم پاشایە لە ناوچەکەدا بەناوبانگن لە وێنەکەدا دەستی خستۆتە سەر تۆپەکە و وەك بڵێی پاشایەك چاوی هەیە، بەڵام هەر بەو چاوەوە قەڵا سوپاییەکەی پشت خۆی دەبینێ، وەك ئاشکراشە ناوچەی سۆران ناوبانگی بە قەڵا سوپاییەکان دەرکردووە.

دروستکردنی تیپە تایبەتییەکانی زمانی کوردی بۆ چاپخانە لە سەرەتای پەیدابوونی چاپخانە لە ناوچەی ئێمەدا تا دوای جەنگی دووەمی گێتی چاپکردن بە ڕێگەی پیتچنی بووە، بە زۆری ئەم پیتانە لە ئەڵمانیا دادەڕێژران، لە پاشاندا فابریقەی پیت دارشتن لە وڵاتی میسریش پەیدابوو، لەدوای جەنگ لاینوتایپ کەوتە لای ئێمەشەوە.

واتە ئەم جۆرە چاپە بریتی بوو لە قاڵبی پیتەکان وەك تایپرایتەر قاڵبەکان بە تیپی دێری نووسینەکە کۆدەکرانەوە، ئینجا بە مس (رصاص) دێرەکە لە ئەنجامی لە قاڵبدان دروست دەکرا، لە سەرەتای پەنجاکانی ئەم سەدەیە یەکەمین چاپخانەی لاینۆ تایپ لە بەغدا دامەزرا، لە پێشانا تەنیا قاڵبی پیتەکانی (ئەلفو بێ)ی عەرەبیان هەبوو، لە پاشانا قاڵبی پیتە فارسییەکانیشیان دروستکرد، ئێمە کە دیوانی "رازی تەنیایی" ئەحمەد هەردیمان لە ساڵی ١٩٥٧ لە چاپخانەی "شەفیق" لە بەغدا لە چاپدا، قاڵبی لاینۆ تایپ هێشتا بۆ ئەو پیتە کوردیانە دروست نەکرابوو وەك پیتە بزوێنەکان و پیتی (ڵ) و (ڕ)ی کە ئیشارەت لەسەر و ژێریانەوە بوو.

## چەند ساڵێک پێش ئەو سەردەمە و هەر لە دوای پەیدابوونی مۆزەخانەی هونەر

ئەحلام مەنصور

کاتێك کە هونەرمەندێ کۆچی دوایی دەکات لە خاکی درەختەکەیدا چەند گەڵا و نەمامێك سەوز دەبنەوە، کاتێك کە مامۆستا کۆچی دوایی کرد هەزار منداڵی هونەرمەند لە دایك دەبێت، بەڵێ ئەو سامانە زۆرەی کە بۆی بەجێهێشتین وەك ئەو وێنە جوانانەی کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی و چەندین تابلۆی دی یەکەم نووسینگەی هونەری کە دامەزرا نووسینگەی هونەرمەند (بەدیع باباجان) بوو کە لەگەڵ (حاجی مهدی الجبوری)دا کە هەردووکیان هاوڕێی هونەری خۆشنووسین بوون، بارەگاکەیان لە شەقامی ئەلڕەشید بوو.

هەموو پێنجشەممەیەك کاتژمێر ١١ سەرم لە مامۆستا بەدیع دەدا وەکو پەپوولە هەڵسوکەوتی دەکرد شیعری کلاسیکی بۆ دەخوێندەوە و چەند دەماوکی منداڵ و کڵاو و وێنەی (ئەنیس و بەدەر)ی زنجیرەی تەلەفزیۆنی (افتح یا سمسم)ی پێشکەش دەکردم.. کە خۆی وێنە و نەقشیانی دەکێشا و خاوەن کارگەی وێنەی منداڵان و شیرەمەنی دروستکەرەکان بۆ پڕوپاگەندەی بەرهەمەکانیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد، مامۆستا بەدیع ئاشنای شیعری تورکی کلاسیکی کوردی بوو دیوانی براکەیش کە چوارینەی تورکی نووسیوە لەلامە زۆر جاریش باسی خێزانەکەی دەکرد و چۆن ڕووبەڕووی گرانی دەبنەوە لەم دواییەشدا پێش ئەوەی فرمانی یەزدان بە جێ بێنێ هەستی کرد کە ماڵئاواییمان لێ دەکات بۆیە سەفەرێکی کرد بۆ هەولێر و خواحافیزی لە هەموو خزم و دۆستەکانی کرد، کۆمەڵەی خۆشنووسانی عیراقیش بە بۆنەی هەفتەیەك بەسەر کۆچی دوایی مامۆستامان کۆڕێکی ماتەمینییان بۆ سازکرد، هونەرمەندی کوردیش مامۆستا (احسان ادهم) لە بۆنەی کۆچکردنی مامۆستا بەدیع زۆر پەرێشان بوو دەیوت برا گەورەی کۆچی دوایی کردووە، بە ڕادەیەك نەیدەتوانی قسە بکات و هەر بۆی دەگریا.. دۆستەکانی مامۆستا بەدیع لە دڵیان

نایەت بچنە نووسینگەکەی کە ئامۆژگاری خۆشنووسین بوو لەوێ چەندین قوتابی فێری خۆشنووسین بوون. حاجی مەهدی جبوریش وتی: "بەبێ برای بەڕێزم کە زیاتر لە چل ساڵە هاوڕێین لە دڵم نایەت کار لە هەمان ئامۆژگاکەمان کە خۆمان بەیەکەوە دامەزراندووە بکەم". داخی گرانم بۆ مامۆستا بەدیع و هیوادارم لە شاری کەرکوك پەیکەرێکی لایق بەخۆی بۆ بکرێ و شەریکی خەمی هەموو هونەرمەندانی کوردم و هەروەهاش خێزانەکەی و سوپاستان دەکەین.

سەرچاوە

ڕۆژنامەی هاوکاری

ژمارە (٢٥٧٩) دووشەممە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٦

## به یادی هونەرمەند بەدیع باباجان

د.موحسین ئەحمەد عومەر

کۆتایی مانگی چواری ساڵی (١٩٩١) لە کاتێکدا زیاتر لە دوو ملیۆن کورد لە ترسی تیرۆر و کیمیایی و قڕکردن لەودیو سنوورەکانی ئێران و تورکیا ئۆقرەیان گرتبوو، تەواوی جیهان سەیری دەکردن، لە هەموو لایەك، بەتایبەتی لە ئەوروپا، کوردەکانی هەندەران، (کە ئەوسا ژمارەیان چارەکێکی ئەو ڕێژەیەی ئێستا بوو) پشێووی و ئاڵۆزییان تێکەوتبوو، لە هەمان حاڵەتی دەروونی و ئەخلاقی و ڕوحی دەژیان، هەرکەسە لەلای خۆیەوە هەوڵیدەدا بە ڕێگایەك یارمەتی و پشتگیری ماددی و مەعنەوی کۆبکاتەوە، یان خۆی بگەیەنێتە سەر ئەو سنوورە وشك و ڕەقانە و لە نزیکەوە ئاگاداربێ و دەستی هەبێ لە جووڵاندن و چاککردنی هەندێ شت، ئەو ڕۆژانە تەواوی کوردی ئەوروپا لە جۆش و خرۆشێکی بێ نموونەدا بوون. هەموویان بیریان لە کێشەکەیان دەکردەوە، ئەوکاتە من لە سۆربۆن قوتابی بووم، لەناو ئەم جۆش و خرۆشە، کۆمەڵەی (پزیشکانی بێ سنوور)ی فەڕەنسی داوایان لە ئەنستیتو کرد چەند کوردێکیان بۆ بنێرێ فەڕەنسی زانبن تا لەگەڵ ئەو تیمە پزیشکی و مرۆییە بەرەو ئێران بەڕێ بکەون، سەرەنجام من و چەند کەسێکی دیکە ئامادەیی خۆمان پیشاندا و ڕۆژی (١٩٩١/٤/٢٩) ئێمە گەیشتینە تاران، لەوێشەوە بە خێرایی بۆ شاری سنە، ئینجا بۆ مەریوان، خۆمان گەیاندە ئەو تیمەی کە پێشتر لە مەریوان بارگە و بنەی دانابوو، بۆ ڕۆژی دوایی، بەیانی زوو بەرەو سنوور چووین، کامپێکی گەورەی کوردەکان کە بەشی زۆریان خەڵکی ناوچەی هەڵەبجە و سەیدسادق و ئەو دەوروبەرە بوون، لەم دیوەی سنوور، لەناو ئێران، لە دەربەندی دزڵی گیریان خواردبوو. نزیکەی بیست هەزار کەسێك دەبوون.

تەواوی ئەو خەڵکە ژیانی لەناو قوڕ و سەرما و ئاو بەسەردەبەرد، گشت منداڵ و مێرمنداڵ و پیرەکان نەخۆش و ماندوو بوون، دەیان کەسیان بریندار بوون. چەندان کەس

لەم کامپە گیانی لەدەستدا! ژیانی ناو ئەم کامپە وەك ڕۆژی قیامەت دەهاتە بەرچاوم، بە هیچ شتێك ڕانەدەگەیشتین، لە بەیانی تا ئێوارە، تا شەو بێ وەستان دەهاتین و دەچووین، سەدان منداڵ و کچ و کوڕی پارچەڵە لەم شاخانە، تا ئەژنۆ لەناو قوڕ و سەرما و ئاوارە و برسی بوون و بێ مەبەست و مەنزڵگایەك دەخولانەوە، هیچ شوێنێك نەبوو بۆی بچن، دوایی بچن بۆ کوێ؟!

ئێمە کارمان ئەوەبوو لەگەڵ تیمە فەڕەنسییەکەدا بە زووترین کات بەشێوەیەکی وەختی نیشتەجێیان بەین و ئاوی پاك و تەندروستی دابین بکەین، بۆیە بە زووترین کات، لە کۆمەڵە خێوەتێکی گەورە، نەخۆشخانەیەکمان دروستکرد بۆ ئەو منداڵ و ژن و پیرانەی پێویستیان بە چاودێری پزیشکی چڕ و بەردەوام هەبو و لە هەمان کات خواردنیشیان مسۆگەر بوو.

ئەوانەی دیکە زیاتر ماندوو بوون، خواردن و دەرمانیان زیاتر پێشکەش دەکرا. هەفتەیەك دواتر خەڵکەکە گوزەرانیان لەم لایەنەوە کەمێك چاکتر بوو.

ڕۆژێك لە ناکاو کابرایەکی پیری ماندوو چاو زیت لەبەر دەرگای خێوەتی نەخۆشخانە پەیدابوو، بە فەڕەنسییەکی نیمچە ڕەوان خۆی ناساند و وتی من بەدیع باباجان-م، منیش یەکسەر وێنەی شاعیرانی کوردی و ناو کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) مامۆستا سەدجادیم بەبیرهاتەوە، بۆ یەکەمین جار ئەو هونەرمەندەم لەسەر ئەم سنوورە و لەو ڕۆژە ڕەشەدا ناسی. لە دووری خەڵك لە بن خێوەتێك دەژیا، بە هەزار شەڕە شەق گەیشتبووە ئەو ناوە، وابزانم ژنێکیشی لەگەڵدا بوو، بەڵام نەمزانی چی ئەو بوو، دوای یەك دوو هەفتە مانەوە لەم دەربەندە، دیاربوو مامۆستا بەدیع لەم بارەی تێیدا بوو، لەسەر ئەم سنوورە، چ دڵگیری پێوە دیار نەبوو، چونکە بە بیرم دێتەوە؛ دەیوت: بۆخۆم لەناو ئەم سروشتە جوانەم، لەکوێ ئەمەم دەستدەکەوێ.

بەڕاستیش وابوو، دەربەندی دزڵی ناوچەیەکی جوانە، کەمێك لەولاتر بەرەو سنوور بڕۆیت، دەگەیە دەریاچەی زرێبار، ئەم ناوچەیەش بەهاران بۆخۆی بەهەشتێکە.

ڕۆژی دوایی واتە (١٩٩١/٥/١٥) بە خۆم و کامێرا و ڕێکۆردەرێکی بچکۆلە چوومە بن خێوەتەکەی مامۆستا بەدیع و ئەم گفتوگۆ بچکۆلەیەم لەگەڵ سازدا کە لەم ڕۆژانە هەر ئەوەندە دەکرا. ئێستاش بۆ یەکەمین جار دوای چەندین ساڵ بڵاودەکرێتەوە.

هەفتەیەك دواتر ئەم ناوەمان بەجێهێشت و خۆمان گەیاندە کامپەکانی دیکە، تا ناوەڕاستی مانگی شەش لەسەر سنوورەکان لەم کامپ بۆ ئەو کامپ، ماینەوە. ئەو

سەردەمە ڕۆژانێکی ڕەش بوون. مرۆڤی هەستیاریان دەخستە ناو حاڵەتێکی زۆر وجودی و هۆشیارییەکی ئەخلاقی و ڕۆشنبیری زۆر خەست و ڕاپەڕیوو.

لێرەوە لە دامەنی ئەم هەستەوە ڕێگا بە خۆم دەدەم ئەو مەسەلەیە بوروژێنم، کە بەداخەوە دیارە لەناو ڕۆشنبیری کوردی ڕۆژی ڕەشی وا زوو زوو لەبیر دەکرێت، چەندان سەردەم و ڕۆژانی قیامەتی کورد لەبیر کران، مرۆڤەکان چوونە کوێ؟ قوربانییەکان چوونە کوێ؟ ئازارەکان چیان بەسەرهات، ماندووبوونەکان کوا لە کوێن؟

دەپرسم کوا داهێنانە ئەدەبییە مەزنەکان، ئەوانەی بتوانن وەك ئاوێنەیەك ئەم ڕۆژە ڕەشانە لە نێوچەوان و هەنیەی واقیع و ڕۆژگار بدەن و بیانگێڕنەوە؟

ئایا ئەوکاتە نووسەران و ڕۆشنبیران خەوتبوون؟ چۆن وازوو ئەم ڕووداوانە، ڕوویدا و گەلی سەرنووسەرەکان، لەبیر چوونەوە ؟!

*** سەرەتا خۆت بە خوێنەران بناسێنە؟**

-من ناوم بەدیع حوسێن باباجانە، کوڕەزای میرزا بەدیع، دکتۆری دوایەمین دەوری بابانەکان، لەبەرئەوە برای لە خۆم گەورەتر هیوای وابوو منیش بچمەوە سەر پیشەی ئەوان، بەڵام هەموو مرۆڤێ خولقەتی بۆ شتێکە، هەر لە منداڵییەوە هیوای مۆسیقام هەبوو ئنجا ڕەسم، لە حوجرە خوێندم و دوو جوزئی تەبارەکم تەواو نەکرد، پاش مردنی باوکم ئێمە بە هەژاری پەروەردە بووین، باوکم خانەوادەیەکی زۆری بەسەرەوە بوو فیکری لە سبەینێ نەکردەوە، چی دەستبکەوتایە هەر ئەو ڕۆژە خەرجی دەکرد، من لە ساڵی (١٩٢٣) لە شاری کەرکوك لە گەڕەکی (ئاخوڕ حسێن) هاتمە دنیا کە سەر بە گەڕەکی گەورەی ئیمام قاسمە، هەر لەوێش گەورەبووم هەتا چواری ئامادەیی و ساڵێك لە سلێمانی خوێندم لە پاشان، چونکە هیوایەت و مەراقم لە ڕەسم بوو وەختی خۆی هاتمە بەغدا، هەر لەبەرئەوەی باوکم ملی بۆ حوکمی عوسمانییەکان کەچ نەکرد، وەزیفەی پێنەدرا و بە هەژاری ئێمەی پەروەردە کرد، بەڵام باوکم سەربەرزانە بە پیشەکەی خۆی موکتەفی بوو، چونکە باری قورس بوو خاوەنی دیوەخان بوو، ئیتر ئێمە هەژار بووین و تەقاعودیمان بۆ حیساب نەکرا، ئەوکات زەمانی ڕوپیە بوو ماوەیەك لە دوای ئەوە چواردە ڕوپیە و نیویان بۆ دایکێك و سێ کوڕ بڕییەوە لە ماڵێکدا، هەندێك ژوورمان بەکرێدابوو تا دایکم بتوانێ ئێمەی پێ بژێنێ، ئێمە بەو شێوەیە ژیاین برا گەورکەشم شێت ببوو، باوکم ناردبووی بۆ توبیەی ئەستەنبوڵ لە هەمان مەکتەب کە خۆی تیایدا بوو بە دکتۆر، ئەو لەوێوە لە غەریبی کە مردنی باوکمی

بیست، ئیتر تووشی هێدمە بوو، لێی کردە شیزۆ فرینیا و شێتییەکی ڕاستی، ئیتر دایکم و برام چوونە ئەستەنبوڵ هێنایانەوە کە لە ژێر چارەسەردا بوو ئەو برایەم لە ساڵی (١٩٧١ز) پاش چل و دوو ساڵ شێتی پێ بە زنجیرەوە ئیفلیج بوو عەمری خوای کرد، شێتییەکی توندی هەبوو.

*** لە بارەی دروستبوونی هەستی هونەری خۆت و نزیك بوونەوەت لە هونەری نیگارسازیەوە، چی دەڵێیت؟**

- بە فیکری من هەموو شتێ، هەموو مەراقێکی هونەری، یان ئەدەبی و زانستی بێ هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ مرۆڤ وەك حەز لە دایك دەبێ، بەمنداڵی بە گوێزان نەغەماتم لێدەدا، هێشتا تەمەنم چوار ساڵان بوو کە دەمخستە سەر دۆڵاب و مێزێك و دەمچەسپاند و هاتوچۆم پێدەکرد و زیاد و کەمم پێدەکرد و بە پلەکانی نۆتەی مۆسیقی سروودم پێلێدەدا، مامۆستای پۆلی یەکەمی سەرەتاییم دەیوت کێ فێری کردووی؟ دەموت نازانم، سەرەتام بە مۆسیقا هات، ئێستاش هەر مۆنیکای منداڵان لێدەدەم پێی دەڵێن: (هارمۆنیکای منداڵان، لە ماڵەوە دووانم هەیە و لە وەرشەی نەخشەسازیش یەکێکم هەیە و لە فرسەتەکاندا کەیفی خۆمی پێدەدەم، وەسیەتم کردووە ئەگەر مردم ئەوەم لەگەڵ بنێژن.

لە مۆسیقاش دوور نەکەوتوومەتەوە، ئێستا دەمرم بۆ مۆسیقای کلاسیکی، بۆ مۆسیقای جوان، ئینجا لە یەك و دووی سەرەتایی لەسەر دەفتەری وەزیفە ڕەسمم دەکرد کە ئەرکی ماڵەوە بوو، چۆلەکە و باڵندەم دروست دەکرد، ڕۆژێ مامۆستاکەم دەستی خستەسەر دەفتەرەکەم و وتی ئەمە چییە؟

بە تووڕەییەوە وتی: (من ئەمڕۆ پیسترین قوتابیم دۆزییەوە) منیش سەری خۆم شۆڕکرد و هەر دەیوتەوە (ئەمە بۆ وەزیفە کراوە نەك بۆ ڕەسم.. هەی.. هەی.. هەی) وتی ئەگەر دەفتەرەکە تازە نەکەیتەوە، دەستت بە ڕاستە دەکوتمەوە، بەڵام من هەر بەردەوام بووم تا ناوەندی، لە پێشانگادا بەشداربووم و لەناو قوتابییەکاندا منیان دانابوو کە باش نیگار دەنەخشێنم، دوایی چوومە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و ئیتر لەوێ دەرسم خوێند و بە ئیمتیاز دەرچووم، حەقی ڕەوانەکردنی دەرەوەم هەبوو، دوو ساڵ هاتوچۆم کرد، ساڵێکیان ڕەشید جەودەتی برای مەحمود جەودەت هات یارمەتیم بدات کە لە خێزانە کۆنەکانی سلێمانی بوو، هەموان خزم بووین، بەڵام سوودی نەبوو، نەیانناردم، کەسانی تر کە نمرەیان لە خوار منەوە بوون نێردران، گلەیی لە کەس ناکەم، بەڵکو گلەییم لە بەختی خۆم هەیە.

*** هەر لەسەر هونەری نیگارسازی بەردەوام بوویت، یان بواری دیکەشت دۆزیەوە؟**

- لە پێشدا تابلۆم دەکرد هەر جارەی دۆستێك دەهات و لەژێر دەستمدا دەری دێنا و بە دیاری دەیبرد، بۆیە هەوەسم لەسەر تابلۆکردن نەما، شتی خەیاڵیم دەکرد، تەکلیف دەکرام بە ئیشوکاری شاعیران و نووسەران، پاشان لە بازاڕ لەگەڵ دوو برادەر دوکانێکمان بۆ هێڵکاری و خۆشنووسی کردەوە، ئیتر نووسەرانی کورد دەهاتنە لامان و لەوەدا توانیم حەزەکانی خۆم تێر بکەم، بەڵام تابلۆکێشانم لە بەرچاوکەوت، چونکە هیچی بە قیسمەتم نەبوو، ئێستا هیچم لای خۆم نەماوە، هەموویان لێ سەندم.

*** هونەری شێوەکاری ساڵانی سی و چلەکان، کە تۆ ئەوکاتە لە تەمەنی هونەری گەرمدا بوویت، لە چلەکان لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا دەرچوویت، هونەرمەندە بە ناوبانگەکانی ئەوسای کوردستان و کورد کێ بوون، ئاستی هونەری شێوەکاری چۆن بوو؟**

- هونەرمەندانی کوردی ئەوسا هێندە پەیوەندییان پێکەوە نەبوو تا شارەزای یەکتربن و یەك بگرن، بەڵام هی ئەم ساڵانەی دوایی کە ئەکادیمیا و پەیمانگای هونەرەجوانەکان هۆکار بوون بۆ ناساندنی هونەرمەندان بە یەکتر لەوانە عەزیز سەلیم و محەمەد عارف و ئازاد شەوقی کە هونەرمەندی چاکن کوڕەکەی ئازاد شەوقیش ڕکابەری (مونافیسی) باوکێتی، چاکترین پەیکەرساز کە بە پێوانەی کلاسیکی و تیۆرسازی و شیکار چالاکی هەبووبێت، کوڕێکی زاخۆیی بوو ناویم لە یاد کردووە دەتوانم بڵێم میللەتی کورد، هەر لە زمانەکەیەوە دیارە کە زمانێکی شیعرییە وارسکێکی هونەری بە تەبیعەت لە هەموو کەسێکی ئەم میللەتە بەدی دەکەیت، دەمێنێتەوە سەر پێگەیاندنی ئەو وارسکە، لە موفرەداتدا پەکی ناکەوێ نە بۆ کێش و قافیە نە بۆ مانا نە بۆ واتا.

لە کەسانی هاوچەرخمان کە مامۆستام بووبن مامۆستا فایەق حەسەن و لە پاشان جەواد سەلیم، ئەمانە هونەرمەندی بەرز بوون لەو دواییەدا مامۆستا جەواد ڕێڕەوی خۆی گۆڕی، بەڵام مامۆستای کلاسیکیم کە من خۆم حەزم لە هونەری کلاسیکە فایەق حەسەنە کە کەڵکی پێگەیاندم، لە پاشان مامۆستایەکی ئیرلەندی بە ناوی شوشو مەکەنتنی هات زۆر لەگەڵمان ماندوو بوو، ئەمە لە ساڵانی چلەکاندا بوو، ئەمەی دوایی لە ساڵی (١٩٤٧-١٩٤٩) وانەی پێ دەوتینەوە.

*** دەربارەی ئەو وێنانەی کتێبەکەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی کە لە ساڵی (١٩٥٢ز) چاپ بووە بە ناوی (مێژووی ئەدەبی کوردی) ئەمە چۆن بوو؟**

- لە ساڵانی دوایی چلەکاندا تەکلیفی لێکردم کە لە بەغدا بووین و لە گەلاوێژ، تەرکیزی دەخستە سەر وەسفی سەر و سیمایان، بەتایبەت هی حاجی قادری کۆیی زۆر ماندووی کرد تا وەسفی سەر و سیمای دۆزیەوە، ڕۆژێك پیاوێکی زۆر بەتەمەنی دیبوو کە خۆی حاجی قادری بە چاوی خۆی دیبوو، عەلائەدین سەجادی لە خۆشیدا وەختەبوو باڵ بگرێ، دەمتوانی بە هەمان وەسف سەد ڕەسمی بۆ بکەم هیچی لە هیچی نەچێ، بەڵام ئەگەر شتێکی وا ڕێکەوت یەکێ هەبێ وەسفیت بۆ بکا ئەوە کارەکە مەیسەرتر دەبێ، هەر لەسەر ئەو وەسفە سکێچی یەکەم و دووەمی پەیکەرەکەی حاجی قادرم کێشا، ئەوسا خالید ڕەحال لە ڕۆما تەکلیفکرا، مامۆستا ئیحسان شێرزاد کە وەزیری شارەوانی بوو خۆی، چوو بۆلای تەکلیفی کردم لە ڕۆما هات وتی ئەم وێنەیە پرۆفیلە لە تەنیشتەوەیە و دەمەوێ لەسەر ئەو وێنەیە سیما و ڕووخساری تەواویم بە سێ مەودا بۆ بکەی، سکێچەکانم بۆ کرد و بردییە ڕۆما، لەوێ جێبەجێی کرد، ئێمەیان بانگکرد پەردە لادان لەسەر پەیکەرەکە و مامۆستا مەسعود محەمەد لاموایە لە کۆڕی زانیاری کورد بوو، دوایی لەوێ وتارێکی ئەدەبی جوانی خوێندەوە، پەیکەرەکە وابزانم لە ساڵی (١٩٧٠-١٩٧١) کرایەوە.

من لە منداڵییەوە حەزم لە وردکاری بووە و حەزم لێبووە شت بە سروشتی خۆی ببینم و دەستکاری سەربەخۆی تێدا نەکەم، خوای مەزن ئەم سروشتە جوانەی ئافەریدەکی کردووە، دەریایەکی گەورەی بە شەپۆل و بێ پایانە، پێویستی بەوە نییە من بێم شت بهاوێمە سەری، با بتوانین تنۆکێ لە دەریا ڕەسم بکەین، زۆرم پێ سەیرە ئەوانەی لە کلاسیك دەردەچن بۆ شتی تر وەك قوتابخانەکانی سوریالی و تەکعیبەی، وا دەزانن هەموو کلاسیکیان حەزم کردووە.

لە کاتێکدا لەم تێنەگەیی بوون بۆ کوێ دەچن، سروشتێکی خاوێن هەیە عەکسی بکەنەوە لە منداڵییەوە خوا منی بۆ کلاسیك خەڵق کردووە و تا شتەکان بە سروشتی خۆیان بگوازمەوە.

جگە لە هێڵکاری، لە تۆپۆگرافی و (مساحە عامە) بووم، نانم لەسەر دەخوارد، دیسان وەختی خۆی دائیرەکەمان چەند زەمالەیەکیان لەلایەن دەوڵەتی سویسراوە پێ بەخشرا، هەندێکیان بۆ دائیرەکانی چاکسازی کشتوکاڵی بوون، هەندێکیان ئاراستەی

مەساحە کران، چونکە پێوەندی بە ڕەسمی کاری (نەخشە)وە هەبوو، کاری من بریتی بوو لە مەراتبی بەرزایی تا بتوانین شێوەیەکی بەرجەستە و فۆتۆگرافی پێ بدەین شتەکە بگاتە ئەو ئاکامەی کە بە فۆتۆگراف لە ئاسمانەوە وێنە گیراوە، بەو شێوەیە دەربخرێت، کاری من ڕیلیف بوو، شوکر بە ئەنجامێکی باش گەڕامەوە و دبلۆمێکی تایبەتییان بۆ کردم.

پۆرترێتێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی هەیە کە نازانم کێ کردوویەتی، وەك بیستوومە تاڵەبانییەکان دەڵێن ئەمە لەو ناچێ لە خۆیەوە کردوویەتی، هەتا ئەمە سەروبێچی تاڵەبانییەکان نییە، هاوکات شێخ ڕەزا هاوچەرخی باوکم بووە و ڕەفیقی شیعری و دوژمنی شیعریشی بووە، لە دوو لاوە هەجووی باوکمی کردووە لە دیوانەکەیدا، بەداخەوە لە هەندێکیانیدا قسەی ناشرینی بە باوکم وتووە، یەکێ لەوانە نیوەشەو هاتوون بەدوای باوکمدا تەداوی بکات، دکتۆر کە ئەرکێکی پیرۆزی لەسەر شانە، دوژمنی خۆیشی بچێت بۆلای، دەبێت بە ڕێزەوە تەداوی بکات، تومەز ئەمە یەکێکە لە ناحەزانی شێخ ڕەزا کە پێیزانیوە و هەندێ قسەی ناشرینی بەزاری فارسی بە باوکم وتووە، لە پاشان هەجووی ئەمینە فەندی مامی کردووە و دەڵێت:

**(دوو جانەوەر لە نەسلی جانی ئیبنی جان**

**ئەمینی حاجی کەریم و ئەمینی باباجان)**

تەنانەت دەڵێن زۆر پیاوێکی فەقیرۆکە بووە، بەڵام چونکە وەچەی باباجان بە لووت زلی ناوبانگیان دەرکردووە! گوایە لوتێکی یەکجار زلی هەبووە، بۆیە لە جانەوەر چووە ئەگینا تەفسیری تری نییە.

*** ئەی لە بنەچەدا باباجان لە چییەوە هاتووە؟**

- ئەوە سەرگوزشتەی خۆی هەیە، باباجان هەردووکی ناوی باوکمە، ناوێکی بە ئیصتیلاحی باپیرمە، کە خۆی ناوی مەجابریە بووە، ئەوە ڕووداوێکی لە دوا هەیە، سەرەتا وەختی خۆی کە دێتە شاری سلێمانی، تەماشا دەکات لە هەموو لایەکەوە ئاڵای ڕەش هەڵکراوە، ئەمە لە کاتێکدا مامۆستا حەمەی مەلا کەریم لێی پرسیم و ئەوکات لە گۆڤاری (بەیان) بڵاوکرایەوە، لێرە حاکمی بابان کوڕێکی بووە عەمری خوای کردووە ئیتر ئەویش بە سیفەتی ئەوەی دکتۆرە، دەپرسێ چی بووە دەڵێن هیچی نەبووە کەمێ سەری ژانی کردووە، سەری خستۆتە سەر کۆشی باوکی و تەواو بووە، ئەویش دەڵێت

ئەو ئاوەی کە پێتان شتووە، ببینم، گوایە زەمانی کۆن بەو ئاوەی مردوویان پێ شتووە زانیویانە ئەوە ئاوی مردووە، یان زیندوو، کە بردوویانە وتوویەتی ئەوە ئاوی مردوو نییە، دەمەوێ ببینم، تەماشا دەکات لە هەموو لایەکەوە لە کۆشك هەڵپەرکێ و شاییە و دەهۆڵ لێدانە و ڕەشبەڵەکە، ئیتر دەڵێن یەکێ هاتووە نیازمەندە ببینێ، هەرچی دکتۆر ئەوەی لە تواناکیاندا بووە سەرفیان کردووە نەیانتوانیوە زیندووی بکەنەوە بەسەری ڕووتی دەگری باوکی پیر بووە، دێ بەپیریان، یەکێ بووە وەك سەیاح، لە میانەی سیاح خەتیە(؟) سلێمانی، لە سیاح بووە؟، ئەویش دێ دەیبینێ و دەڵێ چۆن بوو دەڵێن ئاوا بووە، دەڵێ بچنە دەرەوە و کەس لەژوور نەمێنێ، قەدیمەکانی سلێمانی هەر کەس قسەیەك دەکات یەکێ دەڵێ لێی داوە و ئیتر، خولاسە ئیجرائاتێکی کردووە تومەز ئەمە دڵی بەکاتی وەستاوە و نەمردووە، لە کاتێکدا کفن کراوە ببەن بینێژن، خێرا کفنەکەی دەدڕن و هەندێ دەڵێن لە گۆڕ زیندوویان کردۆتەوە ئەمە هەوڵە، ئیتر سەری دەخاتەوە سەر کۆشی باوکی، ئینجا کە هۆشیار دەبێتەوە وادەزانێ هێشتا سەری لەسەر کۆشی باوکیەتی، ئەوانیش تاقەت ناگرن لە کونی دەرگا و پەنجەرەوە بۆی دەڕوانن و کە بە ئاگادێتەوە دەڵێ (بابن) یەکسەر باوکی وەڵام دەداتەوە (وەی گیان)، ئینجا لەمەوە ناوبانگ بە (بابە گیان) پەیدا دەکات، ئینجا ئەوکاتە بە فارسی خوێندوویانە ناوی دووەمی بووە بە (جان) ئینجا لە بەڵگەنامەکانی کۆندا کە هەمووی بڵاوکرایەوە بەناوی (الاوراق البابانیە) مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم وێنەی گرتنەوە و بڵاویکردنەوە ئەوانەشی تێدا بوو، لە هەندێکیان نووسراوە (حەکیم باباجان) و لەوی تریان (میرزا بەدیع) دوو ناوی هەبووە، دەیکاتە دکتۆری تایبەتی خۆی، بەڵام دەڵێت من ناتوانم لێرەبم، وەك گێڕانەوەش دەڵێن کچێکی خۆی داویەتێ تا بیبەستێتەوە، حەوت گوندی داوەتێ لە نێوانیاندا قزلەر و ئۆمەرە کوێر و بەردە کەڕ، لە ناویاندا قزلەر و بەردە کەڕ هەڵدەبژێرێ و ئەوانی تر دەداتە دیاری بە جوتیار و مسکێنان، بەو شێوەیە لە سلێمانی دەمێنێتەوە، هەر بەم بۆنەیەوە ئەم دەفتەرەم لەبەردەستدایە شتێکتان بۆ دەخوێنمەوە، چەندینی وام بزرکرد:

**هاتی دنیاوە بریان**

**خەڵکی بە تۆوە خەندان**

**ئەمما تۆ زار و گریان**

**کارێکی وا بکەیت کە تا لە ڕۆژی چوونت ئەی دۆست**

**خەڵکی بە تۆوە گریان**

**ئەمما تۆ شاد و خەندان**

خۆی زمانی کوردی بەو موفرەداتە زیندووەوە لە فارسی نزیکە، جوانییەکەی ئەوەیە.

ئەمەم کردە عەرەبی

**لونلت بیت شاعر ففي العطاء لاتهمل كي لايضطر أخر لكي يبيع منزل**

**ئەمە سەروادار نییە بەس حەزمکرد سەروای بۆ دانێم.**

*** دێینە سەر خاڵێکی هەستەوەر دەربارەی کۆمەڵایەتی کوردەواری و بزووتنەوەی کوردی لە ساڵانی سی و چلەکان چۆنبووە، ئەوکاتە چ ڕووداوێکی گرنگ لە ژیانی کوردی عیراق هەبووە؟**

-لە سییەکاندا من منداڵ بووم، لەو کاتەدا شەڕی بارزان قەوما، بە بیرمدێ ماڵێکی موسێوی هاتبوون باڵەخانەی ماڵی باوکمیان بە کرێ گرتبوو، چونکە ئێمە حاڵمان باش نەبوو، دایکم ناچاربوو باڵەخانەکەش بە کرێ بدات، کوڕێکیان ئەفسەر بوو لە شەڕی بارزاندا، ئەو ڕۆژە گرتیان بۆ سبەینێ کوڕیان بە شەهیدی هێنرایەوە سوبحانەڵێ، ناوی (عومەر وەهبی) بوو، هێنایەنەوە ماڵی باوکم، ئەمە بوو بە مێژوویەك، ئیتر ئەمە لە سەرەتای سییەکان بوو، ئەوسا خۆت دەزانی بزووتنەوەکە لە چوارچێوەی داواکردنی مافی خۆیان نەترازابوو، تەنگیان پێ هەڵدەچنین و هەندێ باری ژیانیان تاڵکردبوو، ئەو بوارەیان نەبووە هەموو میللەتی کورد ڕزگار بکەن.

*** ئەوکاتە هیچ پارت و دەزگایەك نەبوو بە ناوی کورد بدوێن؟**

- نەخێر، دوای ئەوە لە چلەکاندا شەڕی بارزانی دووەم قەوما، هیچ ڕووداوێکی ئەوتۆم لە یاد نییە، بەڵام لە بیستەکاندا شەڕی بەردەرکی سەرا قەوماوە و پاش شێخ مەحمود کە نەفی کرا و ئەمە دژی حکومەت و ئینگلیز بوون هەواڵیان بە پچڕ پچڕی بە ئێمە دەگەیشت.



تاریق کارێزەیی

عەبدولڕەحمان پاشای ڕۆژنامەنووس دەڵێ: ( لە ئێراندا وا باوە، شاعیرو نووسەرو کەسانی ناودار ئەگەر فارس بن دەنووسرێ فارس، ئەگەر ئازەر بن دەنووسرێ تورك، ئەگەر کوردیش بن دەنووسرێ ئێرانی)٠

ئەمەش فەندو فێڵێکە بۆ بێ بەشکردنی کورد لە بەهرەمەندان و پیاوانی مەزن، لە کتێبخانەی دکتۆر نەجم ئەڵوەنیشدا کتێبێکی فارسیم بەرچاو کەوتووە، ناوی شاعیرانی کوردی فارسی نووسی تێدایە٠,

لام وایە نزیکەی (٩٠٠) شاعیری تێدایە کە بە ڕەچەڵەك کوردن و شیعریان بە فارسی داناوە، ئەوانەی بە عارەبی، یان تورکییان نووسیوە، ئەوانیش هێندە کەم نین، بەهەرحاڵ ئێمەی کورد نەك هەر خاکمان، بەڵکو کولتورو داهێنانیشمان هەر بە تاڵان چووە، بەشێکی زۆری خەتاکەش لە ئەستۆی خۆماندایە، کە هێندە نەپەرژاوەینەتە سەر پاراستنی بەرهەم و ژیاننامەی پیاوان و ژنانی مەزن و هەڵکەوتوی نەتەوەکەمان، هەر (کردەی ئەوان و بردەی ڕەشەبا بووە) دەبێ بشڵێم پەندە کوردییەکە وا بزانم لە بنەڕەتدا دەڵێ (کردەی من و بردەی شەماڵ)٠

شێوەکاری فرە نازدارو بە توانای کورد بەهەشتی (بەدیع حوسێن باباجان) نموونەیەکە بۆ خەمساردی و بێ دەربەستی ئێمە، بەداخەوە من بەدیداری شاد نەبووم، لێرەو لەوێ هەندێ زانیاریم دەربارەی کۆکردۆتەوە، بە نەوازشەوە هەوڵ دەدەم ئەوەی چنگم کەوتووە دەربارەی بەیع باباجان، لە پاڵ سووکە خوێندەوەیەکی هەندێ لە بەرهەمەکانی بە خوێنەرانی (مێرگ) ڕابگەیەنم٠

بەدیع باباجان لە ساڵی ١٩٢٣ لە کەرکوك لەدایکبووە، هەر لە منداڵییەوە

شەیداری دنیای مۆسیقا بووە، بەردەوام بە لەتە گوێزان هەوڵی  داوە مۆشسیقا لێ بدات و دەیان جار پل و پەنجەی خۆی بریندار کردووە، زۆر خولیای مۆسیقای ڕۆژئاوا بووە، ڕۆژگار بوارو دەرفەتی نەداوە خولیاکەی وەدی بیهێنێ،لە ساڵی ١٩٤٥ لەبەشی پەیمانگەی هونەرجوانەکانی بەغدا وەرگیراوە، ڕەنگە یەکەمین قوتابی کورد بووبێت کە لەو پەیمانگەیەدا وەرگیراوە، ساڵی  ١٩٥٠ لە ڕیزی یەکەمەکاندا پەیمانگا تەواو دەکات و لە بەڕێوەبرایەتی گشتی ڕوپێو لە بەغدا بە فەرمانبەر دادەمەزرێت ، لە ساڵی ١٩٧٣ بە دواوە بۆ ماوەی چوار ساڵ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا وانەی هێڵکاری و نیگاری بە قوتابیانی بەشی زەخرەفەو خۆش نوسی گوتۆوەتەوە ، لە ساڵی ١٩٦٧ دا بانکی ناوەندی عێراق ڕای سپارد کە وێنەکانی سەر هەردوو دیوی دراوی کانزایی عێراق بکێشێت کە بریتی بوون لە ( ٥ فلس ، ١٠ فلس ، ٢٥ فلس ، ٥٠ فلس ) باباجان وێنەو نەخشەکانی کێشاوە خۆش نوسێکیش نووسینی سەر ئەو دراوانەی نوسیوە.

بەدیع بابا جان کەسێکی ڕوو نەرم بوو ، ماوەی چەند ساڵ تابلۆی جۆر جۆری کێشاوەو برادەران هاتوون هەر لەکاتی دروست کردنی تابلۆکاندا داوایان کردووە ، ئەویش دەستی بە ڕووی کەسەوە نەناوە سەرەنجام واز لە نیگار کێشان دەهێنێ و سەرجەم تابلۆکانی بەماڵی دۆست و برادەراندا بێو دەبنەوە ، لەچلەکانی سەدەی ڕابردوودا بە هەشتی علاء الدین سجادی داوای لێ دەکات وێنەی ئەو شاعیرانە بکێشێت کە ناویان لە ( مێژووی ئەدەبی کوردی ) دا هاتووە ، باباجان جگە لە وێنەی قەڵەم کێشی شاعیران لە هەردوو چاپەکەی ( مێژووی ئەدەبی کوردی) دا وێنەی سید أحمد نەقیب و ابراهیم خانی دەلۆ و لوتفی شاعیریشی کێشاوە ، ڕەنگە بەرزترین بەرهەمی قوڵەم کێشی پۆرترێتە هێڵکاری بەدیع باباجان ئەوەی شەرەف خانی بەدلیسی بێت ، کە بەتایبەتی بۆ کتێبی شەرەف نامە لە وەرگێرانی هەژار کێشاوێتی .

لەبارەی هونەرو کەسایەتی باباجانەوە دەکرێت دوو سەرنجی زۆر گرنگ بخەینە ڕوو :

یەکەم: لەمێژووی هونەری شێوەکاریی کوردیدا، باباجان پێگەیەکی گەورەی هەیە، لە ڕاستیشدا وەکو مرۆڤ و هونەرمەند هێندە دەرفەت و هەلومەرجی گونجاوی بۆ نەرەخساو کە داهێنانی گەورەو گرنگ و شایستە بە توانای بێ سنووری گەڵاڵە بکات، واتە لە ڕووی هونەرییەوە کورد زەرەرێکی زۆری کردووە کە کانیاوی بەهرەمەندێکی گەورەی قەتیس ماوە.

دووەم: ئەوبەرهەمانەی کە ئێمە بینیومانن تا ئێستا وەك پێویست هەڵنەسەنگێندراون، بە ڕاستی لە هێڵکاری و پۆرترێتی قەڵەمکێشدا، باباجان هونەرمەندێکی یەکجار پایە بەرزە، دەبوو بەرهەمەکانی لە تێکرای کۆلیژوو پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکان لە کوردستاندا وەك وانە بە قوتابیانی هونەر بگوترانایەتەوە.


بەهەشتی باباجان وەك بەهەشتی هەردی، بە بەرهەمێکی کەم، هەردی لە دنیای ئەدەبداو باباجان لە دنیای هونەردا پێگەیەکی گەورەی بەدەستهێناوە.





بەدیع باباجان لە سویسرا
ساڵی ١٩٦٤
لە خولێکی هونەریدا

## هەندێک لەو بەرگی کتێبانەی کە
## بەدیع باباجان نەخشەسازی بۆ کرددوە










دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
دوا ماڵ ئاوایی
شێرزاد مفتی



مصطفی صالح کریم
ئەندامی یەکێتی ئەدیبانی عێراق
شەهیدانی قەڵای دمدم
«کۆمەڵە چیرۆکێکی کوردی یە»
بە یارمەتی نەقابەی مامۆستایان لە چاپ دراوە



دیوانی سەلام


بوومەلەرزە
لە گۆمی مەنددا


معروف خزنه دار
أغاني كردستان


أصول أسماء المدن
والمواقع العراقية
المحامي جمال بابان
الجزء الأول
بغداد ١٩٨٩


بمن چمن آرائی کن فکان نگین فرمای گل و ریحان
گلستان
طبع بنفقة المكتبة العربية — بغداد
لصاحبها نعمان الأعظمي


بۆ
کوردستان
هەژار